# پلاندانانی ستراتیژیی شاری هەولێر


## لە تێزی دکتۆرای ئەندازیار (دیدار گەردی)دا

ئەندازیار دیدار گەردی یەکێکە لەو قوتابییە کوردانەی تێزی دکتۆراکەی سەبارەت بە پلاندانانی ستراتیژیی شاری هەولێری بە سەرکەوتوویی پێشکەشی زانکۆی وارشۆ لە وڵاتی پۆڵەندا کرد و بە پلەی نایاب پەسەند کرا، سەبارەت بەم هەوڵەی و هەڵبژاردنی پلاندانانی ستراتیژیی شاری هەولێر بۆ تێزی دکتۆرای لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان گوتی: «لەم ساڵانەی دواییدا، کوردستان گۆڕانکارییەکی تەواوی بەسەردا هاتووە، کە لە دەرئەنجامدا ئاڵوگۆڕ بەسەر سیستمە ئابوورییەکاندا هات و ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر پەرەسەندنی شار و گوندەکان. لە راستیدا گۆڕانی رەوشە ئابوورییەکە و سیستمەکانی کارگێڕی هەمیشە ئاسەواریان هەبووە لەسەر ئەندازە و پلاندانانی شارستانی وڵاتەکە. لە سەردەمی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکانی پێشوودا، هەمیشە ئەولەوییەتەکە خۆپڕچەککردن بوو لە دژی کوردستان، نەك پەرەپێدانی، بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراویش دەستکرا بە وێرانکردنی گوندەکان و لە دەرئەنجامی بۆردومانی بەردەوامیشدا، وڵاتەکە چەندین مۆنیۆمێنتی مێژوویی و کەلتووری لە دەست دا. سیستمی کۆمۆنیستییش هەمان شوێنەواری لە دوای خۆی بەجێهێشت، دەکرێت چەندین نموونە لەم رووەوە لە رۆمانیا بەدی بکرێت، کە بە چەشنی کوردستان، سەرجەم گوندەکانی وێران کران و خەڵکەکەش لە شارەکاندا کۆکرانەوە، بۆ ئەوەی ئاسانتر کۆنترۆڵ بکرێن. هەروەها بە سەدان گوند لە کوردستانی عێراقیش، بە هەمان شێواز چۆڵ کران. خەڵکەکە بۆ کۆمەڵگە تایبەتییەکان گوێزرانەوە، ئەویش بە هەمان شێوە بە ئامانجی ئەوەی بتوانرێت بە ئاسانی ئەو خەڵکانە کۆنترۆڵ بکرێن. ئەو خانووانەی لە گوندەکاندا مابوونەوە، بە تەواوەتی خاپوور و وێران کران و لەگەڵ زەوی تەخت کران.

ئەم پرۆسەیەش بە «ئەنفال» ناوزەد کرا. هەروەها کارێکیش کرا کە ئاسانتر ئەو خانووانە دروست بکرێن، زۆربەیان بەو خشتانە دروست کران کە لە قوڕی وشککراوە پێکهاتبوون. سەقفەکەشیان پێکهاتبوو لە قامیش و رایەڵی سووکی دروستکراو لە تەختە، ئەم جۆرە پێکهاتەیەش ئاسایشی دەستەبەر دەکرد بۆ خەڵکەکە لە کاتی بۆردومانکردندا و دەبووە هۆی ئەوەی بە ئاسانتر و بە شێوەیەکی خێراتر خانووە رووخاوەکان دروست بکرێنەوە. دوای رووخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری، سیستمەکە لە کۆمۆنیستییەوە گۆڕدرا بۆ دیموکراتی. گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییەکە گۆڕانکاری گەورەی لە ئەندازە و پلاندانانی شارستانیدا لەخۆگرت. بەهۆی کەمیی ستافی خوێندەوار لە هەموو بوارەکاندا، هەروەها لە بواری بیناکردندا، بۆ نموونە کەمیی ئەندازیار و مێژوونووس و کەسانی پرۆفیشناڵ لە بواری پاراستنی شوێنەوارەکاندا، ئەوا دەستیان کرد بە بەکارهێنانی ئەندازەی دەوڵەتە دراوسێکان، وەك ئێران و تورکیا یان ئەردەن. لەبەر ئەوە تیۆری ئەندازە جیاوازە لە ئەندازەی ئەورووپا و ئەندازەی ئاسیا. لە دەرئەنجامدا ئەندازەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ لە ئەندازەی دەوڵەتە دراوسێکان دروست بوو. بەو شێوەیە دەبینین کە، ئەندازەی کوردستان فرەییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت، بە بێ بوونی تاکە چەمکێکی گشتی لەم رووەوە. دوای رووخانی دەسەڵاتی سەدام حوسێن پلاندانانی شارۆچکەکان هیچ کۆنترۆڵیان لەسەر نەبوو. هەر کەسێك پارچە زەوییەکی دادەبڕی و نەخشەی بۆ دادەڕشت و بە پێی ڕێساکانی خۆی بیناکەی دروست دەکرد، واتە بێ بوونی ڕێگەپێدان و ڕێساکان لەسەر ئاستی نەتەوەیی. هەروەها هیچ ڕێنماییەکی پەیوەندیدار نەبوو بە شێوازی ئەندازە و پلاندانانی شارستانییەوە. بە

هەمان شێوە ئەمە بۆ پانتاییە سەوزەکانیش راست بوو. دوای کۆتاییهاتنی جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ کورد بنیادنانەوەی خێزانی کردە سەرەتای پرۆسەی بنیادنانەوە. دروستکردن و دامەزراندنی خێزانە گەورەکان بووە نەریت. لە هەمان کاتدا زیادبوونێکی سرووشتیش روویداوە کە ئەمەش کاریگەریی هەبوو لەسەر ئەندازەی خانووەکان، کە دەبوو بە شێوەیەك بێت ژمارەی پێویست لەخۆبگرێت. شاری هەولێر، کە پلانەکەی بە شێوەیەکی بازنەیی داڕێژدراوە کە لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا نیوە تیرەکەی ٣,٨ کلم و لە ساڵی ٢٠١٨دا زیاتر بوو لە ١٨ کلم. ئەمەش داینامیکیەتی دەگمەنی پەرەسەندنەکەی دەسەلمێنێت. لە ئێستادا ئەم شارە کاراکتەری شارستانی و پایتەختی وەرگرتووە و ١,٧ ملیۆن کەس تێیدا نیشتەجێن. ئەندازە و پلاندانانی شارستانیی هەولێر پێویستی بە پلان و وێنە و گرافیك هەیە. هەروەها پێویستە بگونجێندرێت لەگەڵ پرەنسیپ و شێوازەکانی ئەندازیاریی پەیوەست بە ژینگەی شوێنەوە، کە ناساز نەبێت لەگەڵ کەلتووری ناوخۆیی کە ناسنامەی شوێنەکەی پێکدەهێنێت. هەر لەبەر ئەوەشە کە کاردەکرێت بۆ ئەوەی دوای شرۆڤەکارییەکی گشتگیر، بتوانرێت بە شێوەیەکی رەخنەگرانە هەڵسەنگاندن بکرێت بۆ تەوژمەکانی ئەم ساڵانەی دوایی و ئاراستەی زیاتر پێشنیار بکرێت لە بواری دیزاین و جێبەجێکردندا. شرۆڤەکردنی ئەو پرسانەی ئاماژەیان پێکرا لەم کارەدا ئەنجام دران کە پوختەی ئەو کارانە لەخۆدەگرێت بۆ ئەوەی ئاماژە بە شاری هەولێر بکرێت، وەك شارێك کە لە سەر رێگای ئەوەیە ببێتە یەکێك لە پایتەختە جیهانییەکان.»

بەم بۆنەیەوە بە ناوی گۆڤاری گوڵانەوە پیرۆزیایی لە دکتۆر دیدار گەردی دەکەین.


POLITECHNIKA WARSZAWSKA
Wydział Architektury

ROZPRAWA DOKTORSKA

mgr inż. arch. Didar Gardy

Przemiany architektury i urbanistyki miasta
Erbil na tle sytuacji społecznej i geopolitycznej
Kurdystanu.

1




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
رۆشنە عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانا خانی - دهۆک

ناونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulan-media.com

د. ئەحمەد سەفار



## کێشە و ئاستەنگەکان و پرسی پەیوەندییە داراییەکانی هەرێم و عێراق

جاکۆب فەتایل:



## بێ بوونی حوکمڕانیی باش دەبێت چاوەڕێی داکشان و پووکانەوەی ئابووری بکرێت

د.عەرەفات کەرەم ستونی



## دەوڵەتی ئایینی

جەیمس هۆڵیفیلد:



## روون نییە چۆن سیاسەتەکانی ئەمریکا خزمەت بە سەقامگیریی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەکەن

ئەسکەندەر حەیدەر ئامەدی:



## هەرێمی کوردستان بۆتە چەترێک بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان و دەبێت بە هەمومان ئەم هەرێمە بپارێزین



## زیادکردنی رێژەی خانمان لە ناوەندەکانی بڕیاردا بە رێکارێک بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی هەژمار دەکرێت

## دیسکتۆپ لە بەرگی لاپتۆپدا



## نێرگەلە لە هەموو جۆرەکانی دیکەی کێشانی تووتن زیانبەخشترە!





ئامینە عەدنان :

## یانەکان تەنیا لەگەڵ یاریزانی کوڕ گرێبەست دەکەن و گرنگی بە کچ نادەن

دلبەر جزیری :

## پارەی خواردن و خەرجی رۆژانەی خۆمم کۆکردووەتەوە، بۆ ئەوەی کلیپێکی جوان بەرهەم بهێنم و بڵاوی بکەمەوە





# باڵانسی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت

## حوکمڕانیی باش و پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام



کاتێك دەچیتە چێشتخانەی «ئەبوو شەهاب» لە هەولێر و لیستی خواردنەکانت بۆ دەهێنن، لەناو لیستەکەدا وێنەیەکی خاوەن چێشتخانەکەی لە سەرەتای کارکردنی تێدایە و لە سەری نووسراوە:» «لێرەوە دەستمان پێکرد»، بێگومان ئێستاش ئەم چێشتخانەیە یەکێکە لە چێشتخانە گەورەکانی پایتەخت و بۆتە پرۆژەیەکی گەورە و سەدان کەس کاری تێدا دەکەن و، بۆتە نموونەیەك بۆ بزنس و وەبەرهێنانی سەرکەوتوو لە کەرتی تایبەتدا. بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: ئەگەر لە خاوەنی چێشتخانەکە بپرسین، ئایا لە یەکەم هەنگاودا کە لە عەرەبانەیەکی دەستگێڕەوە دەستی پێکردووە، قەت رۆژێك لە رۆژان مەزندەی ئەوەی کردووە، پاش ساڵانێك دەبێتە خاوەن پرۆژەیەکی گەورەی هاوشێوەی ئێستای چێشتخانەی «ئەبوو شەهاب»؟ بێگومان لە باشترین حاڵەتدا، وەڵامی ئەم خاوەن کارە ئەوە دەبێت، کە خەونی بەوەوە بینیوە کارەکەی فراوان بکات، بەڵام بەم ئاستەی ئێستا هەرگیز خەیاڵی بۆی نەچووە، هەر بۆیە ئێستاش تمووحەکانی کۆتایی نەهاتووە و ئەگەر بتوانێت چەند لقێکی دیکەش لە شارەکانی کوردستان دەکاتەوە.

دیارە مەبەستمان لە هێنانەوەی ئەم نموونەیە ئەوە بوو کە بیکەینە دەروازەیەك هەم بۆ پێناسەی کار و وەبەرهێنان لە کەرتی تایبەت و هەمیش بۆ بەراوردکردنی شێوازی هەڵسووڕاندنی کاروبارەکان لە نێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتیدا.

وەك لە سەرەتای هەموو دەستاودەستکردنێکی ئاشتییانەی دەسەڵات لە حوکمڕانیی دیموکراتی و سەرمایەداری بینیومانە، سەرۆکی هەڵبژێردراو، یان سەرۆك وەزیرانی هەڵبژێردراو، بەرنامەی چوارساڵی داهاتووی حکومەتەکەی پێشکەش دەکات، بۆیە ئەگەر لەم دەروازەیەوە سەیری شێوازی هەڵسووڕاندنی کاروبارەکانی کەرتی گشتی بکەین، دەبینین حکومەت پێشوەختە بەرنامەی بۆ داناوە و پەرلەمان پەسەندی کردووە، بەڵام ئەگەر سەیری یەکێك لە کۆمپانیا گەورەکانی وەك (ئەپڵ و سامسۆنگ) بە نموونە بکەین، ئەوا هەرگیز کۆمپانیاکان بەرنامەی خۆیان نەك بۆ چوار ساڵ، بەڵکو بۆ ساڵێکیش راناگەیەنن، هۆکاری ئەمەش لەبەر ئەوەیە، سیاسەتی ئابووریی بازاڕ رۆژانە مامەڵە لەگەڵ بەرهەمی کۆمپانیاکان دەکات و، بازاڕ لەسەر بنەمای (قازانج و زیان) ئاراستەی سیاسەت و بەرنامەی کەرتی تایبەت دەکات، بۆیە ئەگەر بە میتۆدی سیاسەتی ئابووریی بازاڕ، پێناسەی شێوازی هەڵسووڕاندنی کاروبارەکانی کەرتی تایبەت بکەین، دەبینین، ئاراستەکەیان هێندەی وەڵامدانەوەیە بۆ سیاسەتی ئابووریی بازاڕ (خواستی خەڵك)، هێندە خۆگرێدانەوە نییە بە سیاسەتی کۆمپانیاکەوە، هەر ئەمەش وایکردووە، کۆمپانیایەکی گەورەی ئۆتۆمبێل، یان مۆبایل، هەر لەگەڵ دەرکەوتنی بچووکترین کەموکورتی لە بەرهەمەکەی، بە سەدان هەزار لە ئامێرەکانی لە بازاڕەکاندا کۆبکاتەوە، ئەم ستراتیژەی کەرتی تایبەت کە سیاسەتی ئابووریی بازاڕ (خواستی خەڵك) ئاراستەی دەکات، لە هەموو حکومەت دیموکراتییەکان سەرکەوتووتر بووە کە پێشتر بەرنامەی کاری بۆ ئامادە کراوە.

لە جیهانی نووسینەوەی یاداشتەکانی چیرۆکی سەرکەوتندا، جیاوازییەکی گەورە و بەرچاو لەنێوان یاداشتی «دەوڵەتمەدار و سیاسەتمەدار» لەگەڵ سەرمایەدار و بزنسمانەکان هەیە، ئاشکرایە هەموو دەوڵەتمەدارێك کە یاداشتەکانی خۆی دەنووسێتەوە، ئامانجی ئەوەیە چۆن بەرهەمی سەرکەوتنی فیکرەکەی بۆ بونیادنانی نەتەوەکەی تەرجەمە بکات، بەڵام کاتێك سەرمایەدار، یان بزنسمانێك یاداشتەکانی خۆی دەنووسێتەوە، ئامانجیەتی هونەری خۆی لە کۆکردنەوەی سەرمایە بە رێگەی مەشروع و لەژێر چەتری سەروەریی یاسادا لە پرۆژەکانی خۆیدا تەرجەمە بکات و، زۆر سەربەرزانەش شانازی بە سەرمایەکەیەوە دەکات و نایەوێت بیشارێتەوە.

چیرۆکی سەرکەوتنی حوکمڕانیی باش و سەرمایەداریی مەشروع، جمکن و لە یەکتری جیاناکرێنەوە، هەر ئەمەشە وایکردووە لە مێژووی حوکمڕانیدا، هیچ حوکمڕانییەکی باش و سەرکەوتوو بەبێ کەرتێکی تایبەت و بەهێز، بەدی ناکرێت، لەمەش زیاتر لە نێوان ئەم دوو کەرتەدا کێبڕکێ بەو جۆرە نییە، ئەمەیان ئاستەنگ بۆ ئەوەی دیکەیان دروست

**سیاسەتی ئابووریی بازاڕ رۆژانە مامەڵە لەگەڵ بەرهەمی کۆمپانیاکان دەکات و، بازاڕ لەسەر بنەمای (قازانج و زیان) ئاراستەی سیاسەت و بەرنامەی کەرتی تایبەت دەکات**

**ئەم ستراتیژەی کەرتی تایبەت کە سیاسەتی ئابووریی بازاڕ (خواستی خەڵک) ئاراستەی دەکات، لە هەموو حکومەت دیموکراتییەکان سەرکەوتووتر بووە کە پێشتر بەرنامەی کاری بۆ ئامادە کراوە**

**لە جیهانی نووسینەوەی یاداشتەکانی چیرۆکی سەرکەوتندا، جیاوازییەکی گەورە و بەرچاو لەنێوان یاداشتی «دەوڵەتمەدار و سیاسەتمەدار» لەگەڵ سەرمایەدار و بزنسمانەکان هەیە**

بکات، یان بە پێچەوانەوە، بەڵکو ئەو بوارانەی کە پێویستە کەرتی گشتی بەڕێوەیان بەرێت، کەرتی تایبەت دەستێوەردانی تێدا ناکات و ئەو بوارانەشی کە کەرتی تایبەت هەڵیدەسووڕێنێت، حکومەت هاریکاری دەکات و ئەگەر لە بوارێکی خزمەتگوزاریدا حکومەت بۆی دەرکەوت، وەك کەرتی تایبەت ناتوانێت هەڵیسووڕێنێت، ئەوا ئەو کەرتە، یان ئەو بوارەش دەداتە کەرتی تایبەت.

حکومەتی بەریتانیا لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو، لەو سەردەمەی کە مارگرێت تاتچەر سەرۆك وەزیرانی بوو، گەورەترین پرۆژەی بەتایبەتکردنی (الخصخصە)ی پیادەکرد و بەشی هەرە زۆری کۆمپانیا گەورەکانی بەریتانیای کردە کەرتی تایبەت، ئەم هەنگاوەی تاتچەر لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتادا کێشەی لەگەڵ سەندیکاکانی کرێکاران و پارتە سیاسییە چەپەکان بۆ دروستکرد، بەڵام دروستیی ئەم هەنگاوە لەوەدا بوو کە وەرچەرخانێکی گەورەی چۆنی لە ئابووریی بەریتانیادا دروستکرد، ئەم هەنگاوەی تاتچەر کاردانەوە بوو بەرامبەر ئەو حاڵەتە هەڵاوسانەی لە ئابووریی وڵات و ئەو چەقبەستوویییەی لە جومگەکانی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا دروست ببوون. پارتی پارێزگارانی بەریتانیا بەم هەنگاوەی جیا لەوەی بۆ سێ خولی لەسەر یەك لە دەسەڵاتدا بوو، لە هەمانکاتدا پارتی کرێکارانی رکابەریشی فێری ئەوە کرد، (ئەوەی خۆی بە گرنگی دەزانێت بەسەر خەڵکیدا نەیسەپێنێت و بایەخ بەو خواست و داواکارییانە بدات کە گەلی بەریتانیا بە گرنگیان دەزانێت)، ئەمەش راشکاوانە مانای ئەوەیە ئەگەر حکومەت نەیتوانی بە سەرکەوتوویی دامەزراوە و کۆمپانیاکانی خۆی هەڵبسووڕێنێت و خزمەتگوزاریی شایستە پێشکەشی گەلەکەی بکات، ئەوا باشترە ئەم ئەرکە بداتە کەرتی تایبەت کە دەتوانێت خێراتر و باشتر لە حکومەت جێبەجێیان بکات.

جیاوازیی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، لەو خاڵەدا رەنگدەداتەوە کە کەرتی گشتی (حکومەت) بەرنامە و سیاسەت و ستراتیژیەتی خۆی لەبەر بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی و پێداویستییە بنەڕەتییەکانی گەلەکەیدا دادەڕێژێت، بەڵام کەرتی تایبەت بەرنامە و ستراتیژیەتی دارێژدراوی نییە و سیاسەتی ئابووریی بازاڕ ئاراستەی شێوەی کاروبارەکانی دیاری دەکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە هەندێك خزمەتگوزاریی گرنگ وەك سیاسەتی ئاسایشی خۆراك و دەرمان و تەندروستی و ستراتیژیەتی پەروەردە و خوێندن و ستراتیژیەتی نەهێشتینی بێکاری و دۆزینەوەی هەلی کار، کە ناکرێت لەسەر بنەمای ئابووریی بازاڕ ( قازانج و زیان) سەیر بکرێت، ئەوا لەلایەن حکومەتەوە جڵەوگیر دەکرێن و تەنانەت ئەگەر کەرتی تایبەتیش لەسەر بنەمای ئابووریی بازاڕ بێتە ناو ئەم بوارانەوە، ئەوا جڵەوگیری سیاسەت و ستراتیژیەتی ئەم بوارانە هەر لە دەستی حکومەتدا دەمێنێتەوە و کاتێك حکومەت زانی ئاسایشی ئەم بوارانە لە ژێر سایەی سیاسەتی بازاڕ دەکەونە مەترسییەوە، ئەوا دەهێنرێنەوە ژێر چاودێری سیاسەتی حکومەت و لە دەرهاویشتە خراپەکانی ئابووریی بازاڕ رزگار دەکرێن.

ئەم هەماهەنگی و پێکەوە کارکردنەی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، راستە لەژێر چەتری سەروەریی یاسادا، هەر لایەکیان بە سەربەخۆیی کاری خۆیان دەکەن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە کەرتی تایبەت لە دەرەوەی چوارچێوەی حوکمڕانی، یان لە دەرەوەی چاودێریی حکومەتدا کارەکانی خۆی بەڕێوەبەرێت، بەپێچەوانەوە کاتێك شێوازی هەڵسووڕاندنی کەرتی تایبەت ببێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخ، یان بڵاوبوونەوەی بێکاری، خەڵك لە دژی کەرتی تایبەت نایەتە سەر شەقام و خۆپیشاندان ناکات، بەڵکو خەڵك لەبەرامبەر حکومەت خۆپیشاندان دەکات و داوا لە حکومەت دەکات کێشەکانی بۆ چارەسەر بکات، هەر بۆیە وەك لەبەرنامەی هەڵبژاردنی حزبە سیاسییەکانی دەوڵەتانی سەرمایەداری دەیبینین، ئەرکی سەرەکیی حکومەت رێکخستنی شێوازی هەڵسووڕاندنی کەرتی تایبەتیشە، بۆ ئەوەی شێوەی کارکردنی کەرتی تایبەت لە بازنەی سیاسەتی (قازانج و زیان)ی کەرتی تایبەت دەربهێندرێت و بخرێتەوە ناو بازنەی بەرژەوەندیی گشتی.

لە ناو پرۆسەی سیاسیی دەوڵەتانی دیموکراتیدا، هاوسەنگی و هەماهەنگیی نێوان

**چیرۆکی سەرکەوتنی حوکمڕانیی باش و سەرمایەداریی مەشروع، جمکن و لە یەکتری جیاناکرێنەوە، هەر ئەمەشە وایکردووە لە مێژووی حوکمڕانیدا، هیچ حوکمڕانییەکی باش و سەرکەوتوو بەبێ کەرتێکی تایبەت و بەهێز، بەدی ناکرێت**

**ئەگەر حکومەت نەیتوانی بە سەرکەوتوویی دامەزراوە و کۆمپانیاکانی خۆی هەڵبسووڕێنێت و خزمەتگوزاریی شایستە پێشکەشی گەلەکەی بکات، ئەوا باشترە ئەم ئەرکە بداتە کەرتی تایبەت کە دەتوانێت خێراتر و باشتر لە حکومەت جێبەجێیان بکات**

**کەرتی گشتی (حکومەت) بەرنامە و سیاسەت و ستراتیژیەتی خۆی لەبەر بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانی و پێداویستییە بنەڕەتییەکانی گەلەکەیدا دادەڕێژێت، بەڵام کەرتی تایبەت بەرنامە و ستراتیژیەتی دارێژدراوی نییە و سیاسەتی ئابووریی بازاڕ ئاراستەی شێوەی کاروبارەکانی دیاری دەکات**

**لە ناو پرۆسەی سیاسیی دەوڵەتانی دیموکراتیدا، هاوسەنگی و هەماهەنگیی نێوان حزبە سیاسییەکان و ڕێکخراو و سەندیکا و گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئاستی سەقامگیریی ناو پرۆسە سیاسییەکە دیاری دەکات**

حزبە سیاسییەکان و ڕێکخراو و سەندیکا و گرووپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئاستی سەقامگیریی ناو پرۆسە سیاسییەکە دیاری دەکات و، هەر کاتێك ئەو هەماهەنگی و هاوسەنگییە لە نێوان حزبە سیاسییەکان و گرووپ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دروست نەبوو، ئەوا پرۆسەی سیاسی لەو وڵاتەدا بەرەو ناسەقامگیری دەڕوات، بەڵام هەموو کات گێڕانەوەی سەقامگیریی سیاسی دەکەوێتە سەرشانی حزبە سیاسییەکان، نەك گرووپ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دیارە لەناو پرۆسەی هەڵسووڕاندنی دامەزراوەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتیشدا، هەماهەنگی و هاوسەنگیی نێوانیان، فاکتەرێکی گرنگی سەقامگیریی حوکمڕانی و وەڵامدانەوەی خواستی خەڵکە، بەڵام کە ئەم هەماهەنگی و هاوسەنگییە وەك پێویست نەبوو و جۆرێك لە ناسەقامگیریی حوکمڕانی لە وڵاتدا دروستکرد، ئەوا گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ حوکمڕانی ئەرکی سەرشانی کەرتی گشتی (حکومەت)ـە، نەك کەرتی تایبەت.

**● جووڵەی کەرتی تایبەتی سەرکەوتوو لەناو بەرنامەی حکومەتی کوردستاندا**

لە هەر دەوڵەتێکدا کەرتی تایبەت سەرکەوتوو بێت، یان کەرتێکی تایبەتی شکستخواردوو بێت، لە هەردوو حاڵەتەکە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ئەو حوکمڕانییەیە کە حکومەتەکەی جێبەجێی دەکات، ئەوجا ئەو دەوڵەتە یەکێك بێت لە دەوڵەتە هەر پێشکەوتووەکانی پیشەسازی، یان دەوڵەتێکی تازەپێگەیشتووی سەرکەوتوو بێت، لە بواری بونیادنانەوەی نەتەوەی خۆیدا.

لەم دەروازەیەوە ئەگەر هەڵسەنگاندنێك بۆ چالاکی و کارەکانی کەرتی تایبەت بکەین، ئەوجا ئەم هەڵسەنگاندنە هەر ئاکامێکمان بە دەستەوە بدات، ئەوا ئەو ئاکامە دەبێتە هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی سەرکەوتوویی پرۆسە سیاسییەکە لە شێوازی پیادەکردنی حوکمڕانیی دەوڵەتدا.

لەسەر ئەم بنەمایە کاتێك بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخوێنینەوە و دەبینین ئەولەوییەت دراوە بە بەهێزکردنی کەرتی تایبەت و گێڕانەوەی متمانە لە نێوان حکومەت و هاووڵاتیاندا، ئەوا خودی بەرنامەکە پێمان دەڵێت، جووڵە و چالاکیی کەرتی تایبەت لە ئاستی پێویستدا نییە و متمانەی نێوان حکومەت و



هاووڵاتیانیش لاواز بووە. ئاشکرایە گەلی کوردستانیش بە هاوشێوەی گەلانی دوای شەڕ و وڵاتانی تازەپێگەیشتوو، یەکەم گەل و نەتەوە نییە کە لە دەستنیشانکردنی فاکتەرە بەهێزەکانی حوکمڕانی و لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم حوکمڕانی، دەیان دەردەسەری بەدەستەوە بیبینێت، هەتا گەیشتبێتە ئەو ئاستەی ئاراستەی پرۆسەی حوکمڕانی راست بکاتەوە و ئاستەنگەکانی بەردەمی لابەرێت.

لە مێژووی چیرۆکی سەرکەوتنی نەتەوەکاندا، دەیان شکست و هەستانەوە هەن، تا راستەڕێی پرۆسەیەکی حوکمڕانیی سەرکەوتوویان دۆزیوەتەوە، نەتەوەی سەرکەوتوو، نەتەوەیەکە کە خۆی هەڵەکانی خۆی دیاری دەکات و هەر خۆیشی چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە، بۆیە لەم لایەنەوە گەلی کوردستان بە یەکێك لە نەتەوە سەرکەوتووەکان پێناسە دەکرێت کە خۆی کەموکورتییەکانی پرۆسەی حوکمڕانیی خۆی دەستنیشان کردووە و هەر بەپشت بەستن بە توانای خۆیشی هەوڵدەدات ئەو کێشە و ئاستەنگانەی لە بەردەم پرۆسەکەدان لایان بەرێت و چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزیتەوە.

هەر بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە هەڵوەستە لەسەر بەرنامەی کابینەی نوێیەمیش دەکەین و هەوڵیش دەدەین لەسەر ئەم بنەمایە شرۆڤەیەك بۆ کەرتی تایبەت بکەین.

کێشە و تەحەددیی سەرەکی لە بەردەم پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا، پێش هەموو شتێك تەحەددی و کێشەی سیاسین، ئەمەش نەك هەر لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی کۆی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمدا لەسەر ئاستی ناوخۆ و لەسەر ئاستی عێراق و دەوڵەتانی دەوروبەریش.

پارتی دیموکراتی کوردستان بە حوکمی ئەوەی پارتی فەرمانڕەوایە لە کوردستان و رۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانیی کوردستاندا دەگێڕێت، تا رادەیەکی زۆر باش توانیویەتی ئیحتیوای تەحەددی و کێشە سیاسییەکان لەسەر ئاستی عێراق و دەوڵەتانی دەوروبەر بکات، ئەمە بە مانای ئەوە نییە هیچ کێشەیەك لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق و دەوڵەتانی دەوروبەر نییە، بەڵکو بەو مانایەی میکانیزمێك دروست بووە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان و بەڕێوەبردنی کێشەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی هاوبەشدا، بەڵام لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسی لە

**کاتێک بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخوێنینەوە و دەبینین ئەولەوییەت دراوە بە بەهێزکردنی کەرتی تایبەت و گێڕانەوەی متمانە لە نێوان حکومەت و هاووڵاتیاندا، ئەوا خودی بەرنامەکە پێمان دەڵێت، جووڵە و چالاکیی کەرتی تایبەت لە ئاستی پێویستدا نییە و متمانەی نێوان حکومەت و هاووڵاتیانیش لاواز بووە**



**نەتەوەی سەرکەوتوو، نەتەوەیەکە کە خۆی هەڵەکانی خۆی دیاری دەکات و هەر خۆیشی چارەسەریان بۆ دەدۆزێتەوە، بۆیە لەم لایەنەوە گەلی کوردستان بە یەکێک لە نەتەوە سەرکەوتووەکان پێناسە دەکرێت کە خۆی کەموکورتییەکانی پرۆسەی حوکمڕانیی خۆی دەستنیشان کردووە و هەر بەپشت بەستن بە توانای خۆیشی هەوڵدەدات ئەو کێشە و ئاستەنگانەی لە بەردەم پرۆسەکەدان لایان بەرێت**

ناوخۆی کوردستان، دیسان لەگەڵ ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لایەنی راسپێردراو بووە بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم و توانیویەتی هاوپەیمانییەکی بەهێز بۆ پێکهێنانی ئەم حکومەتە دروست بکات، بەڵام هەست دەکرێت زۆر بە ئاسانی ناتوانرێت میکانیزمێك بۆ مامەڵەکردن و بەڕێوەبەردنی کێشە و تەحەددییە سیاسییە ناوخۆییەکان بێتەئاراوە. چەندیش ئەم میکانیزمە دوا بکەوێت، ئەوا کاریگەری لە سەر جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت دەبێت، کە یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی کەرتی تایبەتە.

لەوانەیە خوێنەری ئەم باسە، ئەو پرسیارەی لا دروست بێت: بەهێزکردنی کەرتی تایبەت لە چ روویەکەوە پەیوەندیی راستەوخۆی بە پرۆسەی سیاسییەوە هەیە؟ یان ئایا مەبەست لە پێکەوە گرێدانەوەی ئەم دوو پرسە، ئەو تێکەڵاوییەیە کە لە نێوان سیاسەت و ئابووریی بازاڕدا دروست بووە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین: راستە لەسەر هەر دوو ئاستەکە بە شێوەی راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر کۆی بەرنامەی حکومەت هەیە، بەڵام تێکەڵاویی نێوان سیاسەت و ئابووریی بازاڕ، فاکتەرێکە بۆ هێشتنەوەی کەرتی تایبەت بە لاوازی، کە ئەمەیان بە یاسایەك سنووری بۆ دادەنرێت، بەڵام هەڵوێستی حزبە سیاسییەکان لەناو پرۆسەی سیاسیدا، ئەگەر خوانەخواستە نەرێنی بێت، ئەوا دەبێتە رێگر لەبەردەم بچووككردنەوەی قەوارەی حکومەت و فراوانکردنی کردنی کەرتی تایبەت و راشکاوانەتر هەم حکومەت بە قەوارەیەکی گەورەی ناچالاك دەمێنێتەوە، هەمیش ئاڵۆزییەك لەناو کەرتی تایبەت دروست دەبێت کە نەتوانرێت سیاسەتی ئابووریی بازاڕ بە ئاسانی رێکبخرێتەوە.

کەواتە پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: حکومەت چۆن دەتوانێت کەرتی تایبەت بە هاوشێوەی کەرتی گشتی بکاتە سەرچاوەیەك بۆ دۆزینەوەی هەلێکی کار کە لای هاوولاتی بە هاوشێوەی دامەزراندن لەناو حکومەتدا جێگەی گەرەنتی بێت؟ دیارە بەرنامەی کابینەی نۆیەم و ئەو ماوەیەشی کە وەزارەتەکان مۆڵەت دراون بۆ ئەوەی بەرنامەیەکی تازە بۆ کاری خۆیان ئامادە بکەن، تا رادەیەکی باش ئەو هەوڵانەی پێوە دیارە کە هەوڵێکی جددی هەیە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێناسەی (هەلی کار) لە چوارچێوەی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بە شێوازێکی تازە پێناسە بکەنەوە، بەڵام تاچەند ئەم هەوڵانە لە چوارچێوەیەکی یاساییدا دەبنە یاسای ئەنجومەنی وەزیران و یاسای وەزارەتەکان لە کابینەی نۆیەمدا، ئەمەیان تا ئێستا دیار نییە و نازانرێت، ئایا ژینگەی سیاسەتی حوکمڕانی بەو سەقامگیرییەی ئێستا دەمێنێتەوە کە بە شێوەیەکی ئاسایی ئەم هەنگاوانە ببنە پراکتیکی، یان ئایا لە ناو پەرلەماندا هیچ لۆبییەکی بەرژەوەندیی تایبەت و حزبی بوونی نییە کە ئاستەنگ بۆ ئەم هەنگاوانە دروست بکات؟

کێشەی سەرەکی لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، لە ململانێی تەسکی حزبی و بەرژەوەندیی کۆمپانیاکانەوە دەست پێدەکات، بۆیە ئەگەر هەنگاوێکی زۆر دروستی حوکمڕانیش بگیرێتە بەر، ئەوا لەوانەیە بەرژەوەندی حزبی و بەرژەوەندی کۆمپانیا قۆرخکارەکان ئاستەنگی گەورەی بۆ دروست بکەن، بەڵام وێڕای لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەمانەش هەست دەکرێت ئیرادەیەك بوونی هەیە کە لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتی و راستکردنەوەی پرۆسەی حوکمڕانی هەنگاوی جددی و گرنگ هەڵبگرێت.

لەم راستەوە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین، کێشە سیاسییەکانی ناوخۆ نابنە ئاستەنگ بۆ ئەو پرۆسەیەی بەنیازە کەرتی تایبەت بەهێز بکات، ئایا هەنگاوە گرنگەکان بۆ بەهێزکردنی ئەم کەرتە دەبێت چی بن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە چەند خاڵێك دەدەینەوە:

١. لەهەموو ئەو وڵاتانەی بە خۆیان دەڵێن دیموکراتی و بەپێی سیاسەتی ئابووریی بازاڕ دامەزراوەکانی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت هەڵدەسووڕێنن، «هەلی کار» یەك مانای هەیە، ئەویش ئەوەیە هاوولاتی خاوەنی کارێکی شایستە بێت، بەپێی لێهاتوویی و ئاستی بڕوانامەکەی، ئەوجا ئەو کارە لەناو حکومەتدا فەرمانبەر بێت، یان لە یەکێك لە بوارەکانی کەرتی تایبەتدا.

٢. کەسی خاوەن کار، لە بواری کەرتی گشتی، یان تایبەت کار بکات، یاساکانی دەوڵەت، وەك

**کێشە و تەحەددیی سەرەکی لە بەردەم پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا، پێش هەموو شتێک تەحەددی و کێشەی سیاسین، ئەمەش نەک هەر لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی کۆی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمدا لەسەر ئاستی ناوخۆ و لەسەر ئاستی عێراق و دەوڵەتانی دەوربەریش**

فەرمانبەری دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ دەکات و گەرەنتیی خانەنشینی و مافەکانی دیکەی بواری چاودێریی تەندروستی و دڵنیایی بۆ دابین دەکات.

٣. لە هەموو وڵاتانی جیهان بە دیموکراتی و نادیموکراتییەوە، جۆرێك لە دابەشبوون لە نێوان شێوەکانی کاری کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی هەیە، هەروەها ئەو «هەلی کارەی» لە کەرتی تایبەت دابین دەکرێت و وادەکات کە هاووڵاتی بە باشی پێی بژی و پێویستی بە کەرتی گشتی نەبێت، ئەوا گرنگە حکومەت، ئەو «هەلی کارانە» بە هەلی کاری کەرتی تایبەت پێناسە بکات و رێگە نەدات لەلایەن کارمەندانی کەرتی گشتییەوە ئەو هەلی کارانە ئیستغلال بکرێت، بۆ نموونە: (هەڵگرانی ناسنامەی ژوورە بازرگانییەکان، پیشەوەرانی پیشەسازیی بچووك و بیناسازی، چێشتخانە و هۆتێلەکان، شۆفێرانی تاکسی، خاوەن دووکان و سوپەرمارکێتەکان و... هتد) زۆر گرنگە ئەوانەی لەم بوارانە و بوارە تایبەکانی دیکە مۆڵەتی کارکردنیان پێ دەدرێت، پێشمەرجی ئەوە دابنرێت کە فەرمانبەری کەرتی گشتی نەبن.

٤. «کار» لە ناو کەرتی گشتی بێت، یان کەرتی تایبەت، «کاری سپی»یە، ئەمەش بەو مانایەی هەر بۆ نموونە ئەو مووچە و دەرماڵەیەی ئەندازیارێك لە یەکێك لە وەزارەتەکانی حکومەت بۆی دابین کراوە، دەبێت لەناو بوارەکانی کەرتی تایبەت دوای ئەوەی لە یەکێك لە بوارەکان دەبێتە فەرمانبەر، دەبێت بە یاسا زیاتری بۆ دابین بکرێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی هاندانێك دروست بێت، هاووڵاتیان زیاتر کێبڕکێ لەسەر کەرتی تایبەت بکەن، نەك کەرتی گشتی.

٥. لە کارە هاوبەشەکانی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان وەك بوارەکانی (تەندروستی، پەروەردە و خوێندن، خوێندنی باڵا، پرۆژەکانی بونیادنانەوە، پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی کارەبا و شارەوانی و.. هتد)، گرنگە حکومەت لە هەردوو بوارەکە هەلی کار، وەك هەلی کاری حکومەت لە ناو پرۆسەی حوکمرانی سەیر بکات و رێگە نەدات، پزیشکێك، یان ئەندازیارێك، یان مامۆستایەك لە هەردوو کەرتەکە لە یەك کاتدا فەرمانبەر و کارمەند بێت.

٦. سیستمی «باجدان» زامنی سەرکەوتن و بەهێزبوونی حوکمڕانییە لە وڵاتدا لە هەردوو بواری کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، بۆیە ئەگەر حکومەت ئامانجی ئەوە بێت کەرتی تایبەت فراوان و بەهێز بێت و کەرتی گشتی تەرشیق بکات، ئەوا دەبێت باجەکانی گونجاو بێت و باجە بەرزەکان کەم بکاتەوە و لە بەرامبەریشدا ئاستی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیان بەرزتر بکاتەوە، لەم حاڵەتەدا جیا لەوەی ئاشتییەکی کۆمەڵایەتی و سەقامگیر دێتەئاراوە، لە هەمان کاتدا هاووڵاتیانیش هەست بە مانای هاووڵاتیبوونی خۆیان دەکەن.

٧. دووبارە رێکخستنەوەی سیستمی بانکی و کەمکردنەوەی سوودی بانکی لەسەر قەرزدان بە پرۆژە بچووکەکان و قەرزدان بە جووتیاران، ئەمە دەبێتە هاندەرێکی باش بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و سەرچاوەی دیکەی داهات لە وڵاتدا، بەڵام گرنگە ئەم بوارە سنووردار بکرێت بۆ ئەو خەڵکانەی کە لەکەرتی گشتی فەرمانبەر نین و لە بواری کەرتی تایبەت هەلی کار بۆ خۆیان دابین دەکەن.

٨. سەرکەوتن و بەهێزبوونی کەرتی تایبەت، فاکتەرێکی گرنگە بۆ دروستبوونی چینێکی ناوەندیی بەهێز، کە لەگەڵ دروستبوونی ئەم چینەدا، پێداویستیی سەروەریی یاسا لە کۆمەڵگە دێتەئاراوە و خەڵك خۆی داوای سەروەریی یاسا دەکات، بە سەروەربوونی یاساش، جیا لەوەی پرۆسەی حوکمڕانی دەکەوێتە سەر سکە راستەکەی خۆی، لە هەمانکاتدا پرۆسەیەکی بەردەوامی پەرەپێدانی ئەوتۆ دەست پێدەکات کە پێشتر هیچ کەسێك پێشبینی بۆ نەکردبێت.

دیارە وردەکاری و لایەنی دیکە زۆرن لەسەر شێوازی دروستکردنی چۆنیەتی هەماهەنگی لەنێوان هەر دوو کەرتی (گشتی و تایبەت) دا، بەڵام خاڵی گرنگ بۆ سەرکەوتنی ئەم ئاراستەیە ئەوەیە کە پێداگری لەسەر ئەوە بکرێت، کە ئەم دوو کەرتە پێکەوە پرۆسەی حوکمڕانی تەواو دەکەن و هیچیان لە دەرەوەی پرۆسەی حوکمڕانیدا نین.

**پارتی دیموکراتی کوردستان بە حوکمی ئەوەی پارتی فەرمانڕەوایە لە کوردستان و رۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانیی کوردستاندا دەگێڕێت، تا رادەیەکی زۆر باش توانیویەتی ئیحتیوای تەحەددی و کێشە سیاسییەکان لەسەر ئاستی عێراق و دەوڵەتانی دەوروبەر بکات**

**کێشەی سەرەکی لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، لە ململانێی تەسکی حزبی و بەرژەوەندیی کۆمپانیاکانەوە دەست پێدەکات، بۆیە ئەگەر هەنگاوێکی زۆر دروستی حوکمڕانیش بگیرێتە بەر، ئەوا لەوانەیە بەرژەوەندی حزبی و بەرژەوەندی کۆمپانیا قورخکارەکان ئاستەنگی گەورەی بۆ دروست بکەن**



بارودۆخ و پێکەوەژیانی پێکهاتە ئاینییەکان لە کوردستان، مێژوو و گرفتەکان

# ڕۆڵی فیکری بزووتنەوەی بارزان لەم پێکەوەژیانەدا



سەرۆ قادر
بەڕێوەبەری ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدانی کوردستان



**ئەم بابەتە دەقی ناوەڕۆکی ئەو گفتوگۆیەیە کە رادیۆی دەنگی کوردستان بە بۆنەی یادی (٧٣) ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ سەرۆ قادر بەڕێوەبەری ئەنستیتۆی تویژینەوە و گەشەپێدانی کوردستان ئەنجامی داوە.**

## ● پەیوەندیی ئۆرگانیی پارتی و پێکهاتە ئاینییەکانی کوردستان

ئەو پەیوەندییە کۆنترە لە مێژووی دامەزراندنی پارتی دیموکراتیی کوردستان، کە پرۆسەیەک نەبوو لە هەلومەرجێکدا تەنیا لە نێوان کۆمەڵێ تێکۆشەری سیاسی و رۆشنبیری ناسیۆنالیستدا بڕیاری لێوەبدرێت، وەکو ئەوەی لە مێژووی سیاسیی کوردستان و عێراقدا، زۆربەی حزبەکان بە رێککەوتن لە نێوان هەندێ رۆشنبیر و تێکۆشەر دروستکران. پێش ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دروستببێت، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کە دواتر بوو بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسیی بەهێز رەگوڕیشەی زۆر قوڵی لەنێو دانیشتوانی ناوچەکەدا هەبوو، کە بزووتنەوەی بارزان بوو.

بەدیاریکراوی، دوای ساڵانی ١٨٩٠ بزووتنەوەی بارزان لەسەر زەمینی واقیعدا بووبە بزووتنەوەیەکی کردەنی، بیروباوەڕی تایبەتی خۆی هەبوو، رووی لە چاکسازیی کۆمەڵایەتی بوو، بەو واتایەی ستەمی ئاغاکان و ستەمی سەر ژنانی رەتدەکردەوە. هەروەها داوای دەیکرد ئەو ئاینانەی لە ناوچەکەدا هەن ستەمیان لێنەکرێت. لەم بیروباوەڕەدا بەرابەری و یەکسانیی ئاینەکان دانی پێدانرابوو و زیاترنەبوونی هیچ ئاینێک بەسەر ئەوەی دیکەدا دووپاتکرابۆوە. لەو ناوچەیەی کە بزووتنەوەی بارزانی تێدابوو، ئاینی ئیسلام ئاینی سەرەکی خەڵک بوو و ئاینی مەسیحی بە هەموو ئاینزاکانییەوە (دەزانین کە ئاینی مەسیحی وەکو ئاین شتێکە، بەڵام وەکو نەتەوە چوار پێکهاتەن) هەبوو، هەروەها ئاینی جو هەبوو. جەنگ و پێکداهەڵپژان لە نێوان ئەو ئاینانەدا لە ناوچەکەدا مێژوویەکی درێژی هەبوو، بە تایبەت مەسیحییەکان و لەنێویشیاندا ئاشوورییەکان بۆ پاراستنی خۆیان بەرگریان دەکرد، بە پلەی دووەم ئێزدییەکان هەمیشە لەژێر چەپۆکی عەشایەر و فەرمانڕەوایانی عوسمانلیدا بوون، لەهەمان کاتدا بەرگریان لە خۆیان دەکرد. مەبەست ئەوەیە دوو ئاین وەکو کێشەی هەمیشەیی هەبوون، سێیەمیان یەهوودییەکان بوون، کە بە رێژەیەکی بەرچاو لەو ناوچانە و شارانەدا بوونیان هەبوو و شارەگی ئابووری ناوچەکە بوون. تا ئەو رادەیەی لە ناوچەی بارزانیشدا بەربڵاو بوون و بەشێکی فراوانی بارزان لەژێر دەستیان بوو. هەر خودی بارزان لە بنەڕەتدا گوندێکی نامسوڵماننشین بوو. تاکو ١٧٠٠ بەولاوە گوندی بارزان زۆربەی دانیشتوانی جو بووە و بە پلەی دووەم مەسیحی بوونە و چەند ماڵێکی مسوڵمانی بۆ زیادبووە، دواتر نەوەکانی مەسعودی یەکەم کە دەکاتە باپیرەگەورەی شێخەکانی بارزان، لە ئامێدییەوە دێت و لە گوندی هەڤنکا لە تەنیشت بارزان نیشتەجێ دەبێت، دەبن بە مەلا، لەو کاتەدا «دێر»ی جولەکەکان وەکو پەرستگە بوونی دەبێت، بەڵام دوای ئەوەی مەلا و نەوەکانی مەسعودی یەکەم دەبنە شێخی بارزان، خودی ئەم پەرستگە و مزگەوتە هەموو رێوڕەسمەکانی یەهودی و مەسیحی و مسوڵمانی متەسەوف دەگرێتە خۆی. خودی ناوی بارزان ناوێکی عیبرییە، نە کوردییە و نە سریانییە. بە ناوی کچی یەکێک لە پیاوە ئاینییە جوەکانی نەینەوایە. کە بارزانییەکان وەک شێخ ناوی گوندەکەیان هەڵگرت، ئەم مێژووە لە مزگەوت و تەکییە و کەنیشت و دێری بارزاندا بەرجەستە دەبێت.

لە ساڵی ١٩٣٢ بەولاوە، ئەوکاتەی کە بۆ چەنددمین جار بارزانییەکان لێدران، لە ئەنجامی بەرگریدا شکستیان تووشدەبوو و دووردەخرانەوە. دوا دوورخستنەوەش بە بڕیاری شێخ ئەحمەد لە کۆتایی ساڵانی ١٩٣٢-١٩٣٣ بۆ تورکیا بوو. دوای گەڕانەوەیان لە تورکیا، لە ١٩٣٦ جارێکی تر دوورخرانەوە بۆ باشووری عێراق دوایی لە سلێمانی گیرسانەوە. شێخ ئەحمەدی بارزان و مەلا مستەفا و هەموو خێزانەکەیان

لەوێ نیشتەجێی ئیجباری کران. سلێمانی لەنێو تەپوتۆزی شکانی سیاسی و سەربازیدا دەژیا. شێخ مەحمود دوای چەندین ساڵ ڕاپەڕین، بە ناچاری سیاسەتی بەلاوەنا و لە گوندی داری کەلی دانیشت. بەڵام کەسوکاری، خۆیشی وەک لایەنی کاریگەر، بەسەر شاردا بوونیان هەبوو. ئەو ڕۆشنبیرانەی سلێمانی کە لە ئیستەنبول گەڕابوونەوە، ئەوانەشی کە ڕۆڵیان لە عێراق و سلێمانیدا هەبوو، لە نێو شاردا چالاک بوون و خاوەنی بیروباوەڕی خۆیان بوون. ڕۆشنبیران و چینی ناوەند لەنێو شاردا، دوای شکانی شۆڕشی شێخ مەحمود، لە جموجۆڵدا بوون؛ کە پێویستە چی بکەن و چۆن بەرگری بکەن. لەو کاتەدا مەلا مستەفا بارزانی لە ١٩٤٣ لەوێ ژیاوە. لەو ژینگەیەدا کە کۆڕ و گفتوگۆی سیاسی نێو ماڵە بەدەسەڵات و ئاغا مەدەنییە نیشتمانپەروەرەکان، مەجلسی نووسەرە گەورەکان، شاعیرەکان هەموویانی گرتبۆوە. بارزانی فراوانترین پەیوەندی لەگەڵ ئەو کۆڕانەدا هەبووە، هاوکات پەیوەندی لەگەڵ ئەو بزووتنەوە و بیروباوەڕەشدا کە لە ناوچەی بارزاندا بوونی هەبووە نەپسا بوو. لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٣ سلێمانی بەجێهێشت و لەڕێگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە گەیشتەوە بارزان. لە هەمان ساڵ شۆڕشی بارزانی لە نوێ دەستپێکردەوە. ئەوە کامڵترین قۆناغی شۆڕش بوو. مەلا مستەفا لە سلێمانی حزبی هیوای ناسی، کە وەک یەکەمین حزبی کامڵی ناسیۆنالستی کوردی لە سلێمانی و هەولێر و بەغدا و لەنێو سوپای عێراق و دامەزراوەکانی وڵاتدا زۆر بەهێزبوون. هەروەها لەگەڵ کۆمەڵەی ژ ک پەیوەندی کردەوە. هەردوو حزب بە چاوی سەرۆکی نەتەوەیی تەماشای بارزانییان دەکرد.

یەکێک لە کێشەکانی حزبی هیوا لەوەوە دابوو ڕابەرێکی مەیدانی و کردەیی نەبوو. ڕەفیق حیلمی پیاوێکی بیرکەرەوە و نزیک بوو لە شێخ مەحمود، حزبەکەی بەڕێوەدەبرد، بەڵام هیچ کاتێک ئەو بژاردەیەی نەبوو بەرەنگاریی دەوڵەتی عێراق ببێتەوە و بیکاتە ئەرکی خۆی. ئەوە نەوەی یەکەمی سیاسییەکانی ئێمە بوون کە لە چوارچێوەی حزبێکدا تێدەکۆشان. مەلا مستەفا پازێکی بەو حاڵەتە چەقیوە هاویشت. کاتێک گەڕایەوە بارزان، حزبی هیوا زۆرترین هاوکاری لەگەڵ کرد، هەتا پێشنیازیان بۆ کرد ببێتە سەرۆکی حزبەکە، بەڵام بارزانی قبوڵی نەکرد. لە جیاتی ئەوە دەستەی ئازادی درووستبوو، کە نوێنەرەکانی حزبی هیوا و چەند ئەفسەرێکی گەورەی حزبەکە لە نێو سوپای عێراق،بەشدار بوون. تێیدا چوار ئەفسەرە بەناوبانگەکە هەبوون.

لە ساڵی ١٩٤٥ بزووتنەوەکە دیسان شکستی سەربازی تووش هات. بڕیاری پاشەکشە کردنیان وەرگرت بەرەو کۆماری کوردستان لە مەهاباد. لە نێو ئەو بارودۆخەدا چوونە ژێر چەتری سەرکردایەتیی قازی محەمەدەوە (نەک بکەونە کێبەرکێ و ململانێوە لەگەڵی)، بەڵکو خۆیان بۆی کردە قوربانی. ئەم بزووتنەوەیە کە پێشووتر هیچ حزبێکی نەبوو، لە ساڵی ١٩٤٦ مەلا مستەفا لە ئەزموونی کۆماری کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران گەیشتە ئەو ئەنجامە کە دەکرێ حزبێک لە باشووری کوردستان درووستبکرێت. هەڵبەت بیرۆکەی دروستکردنی ڕێکخراوێکی سیاسی نەتەوەیی لەلای شێخ عەبدولسەلام بارزانی هەبووە. بۆ ئەو مەبەستە گفتوگۆی لەگەڵ شێخ عەبدولقادری گەیلانی(نەهری) هەبوو. پارتی ئەوکات بە ڕاسپاردەی مەلا مستەفا درووستبوو.

پارتی زۆر بایەخ بە پاراستنی پێکهاتە ئاینییەکانی کوردستان دەدات، چونکە کە پاراستنی پێکهاتە ئاینییەکان بەشێکە لە بیروباوەڕی پێش پارتی. لە نێو پارتی دا پەیڕەو و پڕۆگرام هەیە و لە کۆنگرەکاندا بڕیاری لێدەدرێت، بەڵام لە پشتەوەی ئەو پەیڕەو و پڕۆگرامە، بیروباوەڕ و عەقیدەی جێگیری بزووتنەوەی بارزان و ئەو مێژووە هەیە کە هیچ کەس ناتوانێت بیگۆڕێت. بۆیە گەر ڕۆژێک پارتی بە ڕای جیاوازیش بیەوێت پشت لە پێکهاتەیەک بکات، گەر بڕیارەکەی بە زۆرینەش بێت، ناتوانێت لەو ئەرکە دووربکەوێتەوە، چونکە بەشێکە لە بیروباوەڕی ریشەیی بزووتنەوەی بارزان.

**● متمانەی پێکهاتە ئاینییەکان بە پارتی**

### دیموکراتی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردستان ،پارتێکی کوردستانییە. ئەگەر تووشی شکانی سەربازیش ببێت بەڵام ناڕوخێت، چونکە هەرگیز حزبێکی خاڵس ناسیۆنالیست نییە. پارتی بەرگری لە مانەوەی گەلی کوردستان و پێکهاتەکانی دەکات. لە ساڵی ١٨٩٠ەوە ئاوابووە. ئەوکاتەی مەلا مستەفا بارزانی لە سلێمانی بووە، گفتوگۆیەکی فراوانی کارتێکراو بە ڕۆشنبیریی ئیستەنبوڵ و ئینگلیز هەبووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەشێک لە لایەنە کوردەکانی سلێمانی لە بەرامبەر ئەو سیاسەتی ناسیۆنالیزمی شۆڤێنی باڵادەست لە تورکیادا، بیر لە دامەزراندنی بڵاوکردنەوەی فکری ناسیۆنالیستی کوردیی بەرچاوتەنگ بکەنەوە. بەڵام مەلا مستەفا ئەوەی وەرنەگرت و چاکسازی تێداکرد. واتا گۆڕی بۆ کوردایەتی بە مانای ڕزگارکردنی میللەتی کورد لەگەڵ ڕزگارکردنی میللەتەکانی دیکەی نێو کوردستان.

مامەڵەی پارتی لەسەر بنەمای پێکهاتەیە، لە بیروباوەڕە کۆنەکانی بزووتنەوەی بارزاندا، ئاینەکان بەرابەر بوون، هەتا ئەگەر دوو کەسیش بووبن. عەقیدە بە زۆری و بە کەمی نییە. خودی مێژووی بیروباوەڕی بارزان لە کەمینەیەکەوە دەستیپێکردووە. لە شێخێکەوە (شێخ عەبدولڕەحمانی یەکەم) دەستیپێکردووە. ئەوە لە مەولانا خالیدی نەقشەبەندییەوە مێژوویەکی دووردرێژی هەیە، ئەو بزووتنەوەیە کە دەستی پێکرد، شەپۆلی دیکەی بزووتنەوەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتیی تێکەڵ بوون، کە دەیانویست چاکسازی لە ئاینی ئیسلامدا بکەن، بەشێوەیەک بگونجێت لەگەڵ ژیان. وەک دەبینین ئەمڕۆ سعودییە دەیکات، لە چاکسازیکردنی ئاینی ئیسلام لە هەموو بوارەکانی ژیاندا . دوای پێنج ساڵی دیکە سعودییەکی مەدەنی بوونی دەبێت، مەککە و مەدینە وەک ڤاتیکانی لێدێت. وەک ڤاتیکان کەمتر و زیاتر نا. ئەمە لە خزمەتی ئیسلام و عەرەب و میللەتانی تریشدایە. بزووتنەوەی بارزان وێڕای بزووتنەوەی پێشتریش بۆ چاکسازیی ئاینی بوونیان هەبووە. ڕێک دەیانویست لەو کەموکوڕییەی شەریعەتی مەلاکان کە لە ئاینی ئیسلام زیاد و کەمی دەکەن، چاکسازی بکەن، تا ژیان باشتر بەڕێوەبچێت. دەتوانین زەمانی خۆمانی پێ بەراورد بکەین؛ ئەڕێ ئەوەی داعش دەیکرد، ئایا جێبەجێکردنی شەریعەت بوو؟ تا ئێستا لە نێوان ناوەندە شەرعییەکان گفتوگۆی لەسەرە. هیچ ناوەندێکی دینی بەدەنگی بەرز ناڵێت جێبەجێکردنی شەریعەت نەبووە، زۆر مەلاکان تەکفیریان نەکردن. کەواتە ئەم ململانێ فیکرییەی لە نێوان بیری داعشی و بیری بەرەی کۆمەڵگادا هەیە، کە پەیوەستە بە مان و نەمانی مرۆڤ، پێویستە چۆن چاکسازی تێدا بکرێت؟ بزووتنەوەی بارزان ڕێک ئەم کارەی دەکرد. بۆیە پێکهاتەکان بە تاکە کەس هەژمار نەدەکران، بەڵکو بە عەقیدە دادەندران.

**● پارتی و پارێزگاری لە پێکهاتە جیاوازەکان**

پارتی چەند توانیبێتی بەرگری لە کورد بکات، بەرگری لە پێکهاتەکانیش کردووە. هەربۆیەش لە مێژووی پارتیدا، پێکهاتەکان لە حزبەکانی خۆیان زیاتر لە نێو پارتیدا شوێنی خۆیان دۆزیوەتەوە. لە بزووتنەوەی بارزاندا، پێش ئەوەی پارتی دروست ببێت، مەسیحی و جو و ئیزدی ڕۆڵی زۆریان هەبووە. لە زەمانی شێخ عەبدولسەلام و شێخ ئەحمەدی بارزانیشدا کە سەرکردایەتیی ڕۆحی و دنیایی بزووتنەوەکەیان دەکرد، زۆرجار بەڕێوەبەری دارایی هەموو ناوچەکە جوویەک بووە، یان لە کاری دیکەدا مەسیحییەکان بوونە. پێش پارتی دابمەزرێت، هەرکاتێک ئێزدییەکان تینیان بۆ دەهات، بارزانییەکان بە چەکەوە دەچوون بەرگریان لێدەکردن و دەگەڕانەوە. بەرگرییەکە سیاسی نەبووە، بەڵکو بڕوابوون بووە بە بەردەوامیی ئەو مرۆڤانەی لەسەر خاکی کوردستاندا، بە هەموو جیاوازییە ئاینی و نەتەوە و زمانەکانیانەوە دەژین.

**● تۆمەتبارکردنی پێکهاتەکان بە پاشکۆیەتیی پارتی**

پێکهاتەکانی کوردستان، سەرکردەکانیان و پیاوە ئاینییەکانیان، ئەو کارەساتانەی لە ١٨٩٠ وە بەسەریاندا هاتووە، لە دیفاع کردن لێیان، جێیێ و دەنگی بارزانییەکانیان لە یادە،

مێژوویان لەگەڵ مێژووی شێخەکانی بارزان گرێدراوە. پارتی بریتییە لە عەقیدەیەکی کراوە، کە لایەنە باشەکانی ناسیۆنالیزم و سۆسیالیزمی وەرگرت.لەم ڕۆژگارەشدا بنەماکانی لیبرالیزم و کۆمەڵگەی مەدەنی وەردەگرێت. ڕەگێکی مێژوویی ناوچەکەمان کە دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی ساسانییەکان تا ئێستا، لە بزووتنەوەکانی چاکسازیی کۆمەڵایەتی بە شێوەی جیاجیا هەبووە، دواتریش لە شەپۆلی تەسەووف و عیرفاندا هاتن تا دەگاتە ساڵی ١٩٤٦، ئاوها بۆ پارتیش نەقڵ بوو. توراسی ئەو بزووتنەوە چاکسازییانە لە عەقیدەی بارزاندا هەیە. واتا عەقیدەیەکی ڕەسەن و ڕەگوریشەی لە مێژووی فیکری کۆمەڵگای کوردستان و هاورەگەزەکانی، بەشێوەیەکی کراوە هەیە.

هەربۆیە پێکهاتەکان لە کرانەوەی خۆیاندا بەربەستێک لای پارتی نابینن. لە کرانەوەدا لەوانەیە پارتی هەندێک جار دوابکەوێت و ماراسۆنی لە پێشکەوتندا پێنەکرێت، بەڵام دواتر هەر دەیگاتێ. ئەوەی تۆمەتبار کردنە کێبەرکێی سیاسی و حزبییە. بۆ نموونە لە عێراقدا، دوای پارتی، حزبی شیوعی زۆر گرنگی بە پێکهاتەکان دەدا. دامەزرێنەری حزبی شیوعی عێراقی، «فەهد» خۆی مەسیحی و لە پێکهاتەکانی کوردستان بوو. بەڵام تایبەتمەندی و ئامانجی حزبی شیوعی و ئەو مێژووەی بەسەریهات، نەکرا و نەتوانرا بەرگری لە پێکهاتەکان بکات. بە درێژایی مێژوو، لە نێوان بارزانییەکان و حزبی شیوعی هاوپەیمانییەکی جێگیر هەبووە. ئەو هاوپەیمانییە پەیوەندی بە ڕوانگەی عەدالەتخوازانەی هاوبەشەوە هەبووە، بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی و پاراستنی مافی کورد و پاراستی پێکهاتەکان. بەر لە دوو ساڵ، دوا گوزارشت لەو مێژووە ئەوە بوو، کاتێک بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی، خەڵاتی بارزانی نەمری پێشکەشی عەزیز محەمەد(یادی بەخێر)، سکرتێری پێشووی حزبی شیوعی عێراقی کرد، پێیگوت: «دەبوایە مستەفا بارزانی زیندوو بوایە و ئەم خەڵاتەی پێت بەخشیبا، چونکە ئەو دەیزانی تۆ کێی». ئەمە گوزارشتێک بوو لە مێژووی هاوبەش. هەڵبەت پارتی کەموکوڕی

هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پێکهاتەکان. لەکاتی نوێنەرایەتیکردن و پێراگەیشتنی هاوسەنگی دروست کردن و باش گوێگرتن لە کەموکورییەکانیان و هێنانەپێشەوەی کەسە کاریگەرەکانیان لە بواری بەڕێوەبردندا. بەڵام کەموکوڕی لە بیروباوەڕەکەیدا نییە.

**● پێگەی پێکهاتەکان لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا**

کوردستان تاکە وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا، یاساکانی لە میللەتەکەی پێشکەوتووترە. لە میللەتانی دیکەدا، ڕۆشنبیران و چاکسازیخوازان بزووتنەوە و ڕێکخراو درووستدەکەن، فشار و شۆڕش درووستدەکەن، دەچنە پەرلەمان تا بتوانن یاسایەک بگۆڕن. وەک لە ئێران هەیە، یان لە تورکیا و عێراقدا هەیە. لە کوردستاندا هەموو یاساکان یاسای پێشکەوتوون و لە بیرکردنەوەی خەڵک لە پێشەوەترن. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٢ەوە بەپێی یاسا، دانن بە مافی ڕەوای پێکهاتەکان دانراوە، بێ ئەوەی پێکهاتەکان هیچ خۆپیشاندان و داوایەک بکەن. هەڵبەتە پێکهاتەکان لە شۆڕشەکاندا هەمیشە ئامادەبیان هەبووە، چ لە ناو پارتی و حزبەکاندا، یان لە ناو حزبەکانی خۆیان. ئینجا یاسا مەدەنییەکان، ئەوەی پەیوەندی بە ژنانەوە هەبوو، لە ساڵی ١٩٩١ەوە زۆر قورس بوو یاسا دوای چاکسازیی باری کەسێتی و یاسای مەدەنی بکات بەڵام ئەوە کرا، کە پەیوەندی بە ژیانی پیاوان و ژنانەوە هەیە. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی پەرلەمانەوە یاسای باشی بۆ داناون، هەرچەند جێبەجێکردنیان زۆر قورسە. زۆرجاریش ئەم یاسایانە بوونەتە مایەی بەرەنگاربوونەوەی ناوەند و مامۆستا و حزبە ئاینییەکان و فشاریان درووست کردووە. بیروباوەڕی پشت ئەم یاسایانە بۆ عەقیدەی بارزانییەکان و بزووتنەوەی بارزان دەگەڕێتەوە. مەلا مستەفا ئەو عەقیدەیەی هێنایە نێو پارتی و تا ئێستاش پارتی هەڵگری ئەو بیروباوەڕەیە و ناتوانێت بیگۆڕێت. یاسا دەرکراوەکان بەم تایبەتمەندییەی کوردستان هەیەتی، کە لەلایەن حکومەت و پەرلەمانەوە دەرچووە، لە میللەتەکە پێشکەوتووترە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ عەقیدە و باوەڕی بزووتنەوەی

بارزان، کە لە دوای ١٩٩١ەوە لەڕێگەی پارتییەوە لە پەرلەمان بوونە یاسا و ئێستا بەردەوامە.

پارتی لە کاتی دانانی یاساکاندا، زۆر بە وردی لە ئامانجی دانانی هەر یاسایەکی کۆڵیوەتەوە. ئەم دیراسەیە لەلایەن سەرکردایەتیی پارتی و کەسانی دەستڕۆیشتووی سەرکردایەتیی پارتی کە درێژکراوەی بزووتنەوەی بارزانن و زۆرجاریش بە دامەزراوەی بارزانی ناوی دەهێنرێت، سەرچاوەی گرتووە. بە دڵنیاییەوە ئەوە خواستی ڕێکخراوەکانی خوارەوەی پارتی نەبووە. واتا هیچ کاتێک شەپۆلێک لە ناو پارتیدا دروستنەبووە ڕێکخراوەکان باسی مافی ژنان بکەن. بە پێچەوانەوە، لەسەرەوە یاسا هەبووە. بۆ نموونە رێکخراوی ئافرەتان لەساڵی ١٩٥٢ەوە هەیە.

**● پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی کوردستان بەراورد بە ژیانی پێکهاتەکان لە عێراقدا**

عێراق پایتەختی بەشێکی زۆر لە مێژووی ئیمپراتۆرییەکانی ئیسلامی بووە. پایتەختی قەتڵ و عامی ئاینزا و ئاین و غەیرە مسوڵمان و غەیرە عەرەب بووە. بۆیە هیچ قۆناغێکی پڕشنگدار لە مێژووی بەغدا پێش عێراق و دوای دامەزراندنی عێراقیش نابینین. لە بەغدا بۆ خوارەوە هەندێک مەسیحی دواتر جێیان بۆوە، ئەوانەش دوای دارمانی ئیمپراتۆری عوسمانی لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو بوو، کە بەغدا دەسەڵاتی نەدەڕۆیشت و والی عوسمانی لەگەڵ نامسوڵمان و ناتورکەکان بەراورد بە عەباسی و ئەمەوی و خولەفای راشدین نەرمتربووە. بۆیە عێراقی دوایی کە لەسەر بنەمای بە پایتەختبوونی بەغدا دامەزرا، هیچ شانازی و پڕشنگدارێتی تێدا نییە. لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا گوند و ناوچەی مەسیحی نابینی. حزوری مەسیحییەکان لە ناو بەغدا هەبووە، چونکە شارێکی گەورە بووەو عوسمانییەکان بەشێکی زۆری ئاشوری و ئەرمەنیان راگواست بەرەو بەغدا و کەمپیان بۆکرایەوە. پێیدەگوترا کەمپی ئەرمەنی، بەڵام دواتر لەناوچوو. جووەکان هەروا، لە کۆنەوە لە بەغدا هەبوونە و مەسیحیشی لێ بوونە، بەڵام هەموویان کۆکوژکران. ئێستاش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئیسرائیل دەبینین ساڵانە یادی کۆکوژکردنی جووەکان لە بەغدا و بەسرا دەکەنەوە کە دیکۆمێنتەکانی ماوە.

بۆیە هیچ بەراوردێک لە نێوان عێراق و کوردستان ناکرێت. کوردستان بریتییە لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس. ئەمەش مێژووی خۆی هەیە. ئەو ناوچەیە سەخت و دوورەدەست بووە، بە درێژایی مێژووی ئیسلام (ئیمپراتۆرەکانی ئیسلام تا ١٩٢٠)، لە شێخێک تا پیاوێکی ئاینی تا پێکهاتەیەک یان عارفێک تینی بۆ هاتبێت، بیری کردۆتەوە ڕابکاتە چیاکانی زاگرۆس و خۆی پەنا بدات. بۆیە کوردستان پڕبووە لە شێخ و عارف و پیاوی ئاینیی پێکهاتە و ئاینی دیکە، وەکو ئەرمەنی و ئاشوری و کلدانی، ئێزدی و سەرکردەکانی عەلەوی. ئەوانە لە کوردستان مانەوە. بۆیە بیروباوەڕی کوردستان بریتییە لە فەرهەنگێکی بەخشندە و لێبووردە و یەکترقبوڵکەرە. هەتا ئاینی ئیسلام لە کوردستاندا ئاینێکی توندڕۆ نییە. هەتا ئەوەی کە لە دوای درووستبوونی توندڕەوی لە ساڵی ١٩٨٠ بەولاوە، کە قاعیدە و موجاهیدینی ئەفغان و تالیبان و ئەنسارولئیسلام بە تایبەتی بۆ کوردستان درووستکرا، دواتریش دەوڵەتی ئیسلامی عێراقی کە زەرقاوی بەڕێوەی دەبرد و دواهەمینیشیان داعشە کە ئەبوبەکری بەغدادی سەرکردایەتیی دەکرد، ئەم شەپۆلانە هیچیان لە کوردستان جێیان نەبۆوە. چونکە بیروباوەڕی ئاینی لە کوردستان ئەم مێژووەی هەیە. بۆیە کوردستان شوێنی حەوانەوەی هەموو بیروباوەڕەکانە. ئەفسانەکانیشمان تێکەڵبوونە، لەنێوان مەسیحی و جو و مسوڵماندا. زۆر شێخ و پیاوچاک و ڕووداوی ئەفسانەیی لە نێوانیاندا هاوشێوەن. بۆیە کوردستان بە پاراستنی پێکهاتەکان چاکە ناکات، بەڵکو بەو کارە خۆی دەپارێزێت. کوردستان بە نەمانی پێکهاتەکانی دەشێوێت. بە ڕۆیشتنی بەشێکی زۆر لە مەسیحییەکان بەهۆی شەڕی عێراق – ئێران لە هەشتاکاندا، شەپۆلی کۆچکردنیان بەهۆی شەڕی ناوخۆ لە نەوەدەکاندا، قۆناغی سێیەمیش دوای ٢٠٠٣ لە ئەنجامی ململانێ و کێشەکان، قۆناغی چوارەمیش کۆچی پێکهاتەکان لە دوای هێرشی داعش، کوردستان خوێنی لەبەر ڕۆیشتوە.

**● مافی کۆتا بۆ پێکهاتە ئاینییەکان لە پەرلەمانی کوردستان**

لە کوردستاندا ئایین و نەتەوە دێرینەکانی بوونیان هەیە، حەقە لە سیستەمێکی کۆتادا یان لە نێو سیستەمێکی چاککراو و هەموارکراوی دیکەدا جێگەیان بۆ بکرێتەوە. بۆ نموونە ئەرمەنییەکان لە کوردستان بەهۆی شەڕ و شۆڕەوە یەکجار کەمن، ئەو ژمارە کەمە نوێنەریان لە پەرلەمانی کوردستان و عێراقیشدا هەیە. باشە بۆچی ئێزدییەکان نەیانبێت؟ ئێزدی کەوتنە بەر ستەمێک لە ناوەندی بڕیارەوە، بە زۆری زۆرداری بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان دەیویست بە ئێزدییەکانی بسەلمێنێت کە ئێوە کوردن و ئاین گرنگ نییە. لە کاتێکدا ئێزدی بۆیە پێکهاتەیە، چونکە ئاینەکەی لە پێکهاتەی گشتیی کوردستان جودایە، بۆ ئەو ئاینە خوێنیان داوە و بۆتە ناسنامەیان. بۆیە گەر لێیان بپرسی تۆ ئێزدی یان کوردی؟ دەڵێت من ئێزدیم بەڵام کوردستانیم. گەر زۆریش تەنگاوی بکەی دەڵێت تەنیا ئێزدیم و هیچی دیکە نیم. ئەوان هەقی خۆیانە چۆن پێناسەی خۆیان دەکەن. بەڵام گوندەکانیان گوندی کوردستانن و تێیدا دەژین. مێژووی ئەفسانە و میتۆلۆژیاکانیان ئەم گوند و ناوچە و چیایانەن. ئەمە گومانی ناوێت کە دەبێت نوێنەرایەتی خۆیان هەبێت. ئەگەر ئێزدییەک لە نێو بزووتنەوەی سیاسیدا، وەک سیاسییەک بووبە سەرۆکی حزبێک، وەکو کوردێک کاردەکات. واتا ئێزدی دەتوانێت دوو ڕۆڵ ببینێت، ڕۆڵی سیاسەتمەدارێکی کوردستانی کە دەتوانێ بڵێ من کوردم و کوردستانیم و نوێنەرایەتیی ئاین ناکەم، لەوانەیە ببێت بە ئەندامی پەرلەمان. ئەگەر ئێزدییەک ڕۆژگارێک لە شارێکی دەرەوەی ئێزیدییان بەربژێر کرا و هاتە پەرلەمان، دەبێ بە کۆتای ئێزدی دانەنەدرێ. کۆتای ئێزدی شتێکی دیکە دەبێت.

سەبارەت بە کاکەییەکان یان یارسان، گرفتەکە ئەوەیە تا ئێستا ئەوان ڕاینا‌گەیەنن کە ئاین یان ئاینزایەکی سەربەخۆن. کەچی لە ڕاستیدا ئاینێکی سەربەخۆن، هەروەک چۆن ئێزدی هەیە، کاکەییش هەیە. دەبێ خۆیان بڕیار بدەن و داوای مافی خۆیان بکەن. بۆیە کاکەییەکان زەبر لە کوردستان و خۆشیان دەدەن، چونکە تاکو نوێنەریان لە پەرلەمان و حکومەتدا نەبێت، وەک کاکەیی ناتوانن بەرگری لە پێکهاتەی ئاینیی خۆیان بکەن. ناکرێ هەمیشە خۆیان بشارنەوە، غەدریان لێبکرێت، بەدزییەوە جەمی خۆیان بکەن، لێیان تێکبدرێت، یاسایەک نابێت بیانپارێزێت. دیقەت بدە، یاسایەک هەیە لە عەنکاوە نابێت کەس لە فلان شەقام تێپەڕێت و لە ڕێوڕەسم و سرووتی مەسیحییەکاندا خراپەکاری بکات. یاسا هەیە کەس بۆی نییە بچێتە شەنگال و شێخان لە ڕێوڕەسمی ئێزدییەکان گرفت دروستبکات. بۆیە پێویستە یاسا هەبێت جەم و جەژن و ڕێورەسمە ئاینییەکانی کاکەییانیش پارێزراو بێت. لەبەرئەوە پێویستە ئاشکرابن. ئەو کەموکورتییە لە خۆیانەوەیە. ئەگینا پێکهاتە میللییەکان ئەو مافەیان هەیە، وەکو تورک لە کوردستان کە ئەگەر کەموکوڕیشی هەبێت پێویستە چاکسازی تێدابکرێت. عەرەب لە کوردستان وردە وردە دێنەپێش و دەڵێن ئێمە عەرەبی کوردستانین، ئەوانیش دەبێت بە پێی یاسا ڕێیان بۆ بکرێتەوە.

ئەو مێژووەی من باسم کردوە ئەو بەشەیە کە شاراوەیە و کەم لەسەری نووسراوە، بەڵام هەیە و کاریگەرە و پێویستە باسی بکرێت. من بەشێک لەو پەردانەم هەڵداوەتەوە، حەقیقەتی پەیوەندییە فیکری و سیاسییەکان و دروستبوونی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک بەشێک لە مێژووی سیاسیی وڵاتەکەمان کە جێی شانازییە.

لەم قۆناغەی ئێستادا، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ بەها و باوەڕە کۆنەکانی پارێزەری مرۆڤ. لەم زەمانەدا کە ئەم بناغە مێژووییەمان هەیە، دەبێ دەرگا لەسەر چاکسازیکردن لە هەموو بوارەکان کە پێویستیان بە چاککردن هەیە، بە بێ توندڕۆیی و درووشمدان و سڕینەوەی لایەن و پێکهاتە و ئاینێک، بکەینەوە. کوردستان بەردەوام پێویستی بە پێشکەوتن و گەشەکردن هەیە، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئێستا و دامودەزگای حکومەت، لەسەر بنەمای دیراسەکردن نەک لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی، ئەگەرنا هەر لەنێو تەپوتۆزی ململانێی سیاسیی نێوان سلێمانی و هەولێر، کوردستان و بەغدا دەمێنینەوە، کە ئەمە زۆر خراپە و دەبێ تێیپەڕێنین.

جەیمس هۆڵیفیڵد بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری زانستی سیاسی لە زانکۆی دیوك بەدەست هێناوە. لە ئێستادا پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی ساوزەرن میسۆدیست و لە هەمان زانکۆ بەڕێوەبەری سەنتەری (جۆن گوودوین تاوەر)ـە بۆ دیراساتی سیاسی و، ئەندامی ئەنجومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوەیە. هەروەها توێژەر بووە لە سەنتەری هارڤارد بۆ کاروباری نێودەوڵەتییەکان، هاوکات وەك راوێژکاری چەندین دامەزراوەی حکومەتی ئەمریکا و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بانکی جیهانی و چەندین رێکخراوی دیکە کاری کردووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵ تاوتوێکرد، کە پتر بە ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە پەیوەست بوون، بەتایبەتی لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتتریش لە ئاست وڵاتی ئێران، لەگەڵ ئەگەرەکانی هەڵکشانی زیاتری ناکۆکی و بارگرژییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە بەرەو پێکدادان و رووبەڕووبوونەوەی سەربازی و هەڵگیرسان و بەرپابوونی شەڕ.

## جەیمس هۆڵیفیڵد

پڕۆفیسۆری زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# روون نییە چۆن سیاسەتەکانی ئەمریکا خزمەت بە سەقامگیریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن




*** هەروەك ئاشكرایە كە لەوەتەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكە لەگەڵ ئێراندا كشاوەتەوە، پەیوەندییەكانی نێوان ئەمریكا و ئێران بەرەو بارگرژیی زیاتر چوون، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئیدارەی ئەمریكا سەرلەنوێ كۆمەڵێك سزای سەختی ئابووریی بەسەر وڵاتی ئێراندا سەپاندەوە، ئێوە چۆن لە بارودۆخەكە دەڕوانن و پێتان وایە هەلومەرجەكە بە چ ئاراستە و ئاقارێكدا دەڕوات؟**

- ئەوە ڕاستە كە لەوەتەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، پەیوەندییەكانی نێوان ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و ئێران بە شێوەیەكی بەرچاو بە ئاراستەیەكی خراپدا ڕۆیشتوون، هەر لەم ڕووەوە ئێمە دەتوانین بڵێین كە بڕیاری واشنتۆن بۆ ڕەتكردنەوەی ڕێككەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا هەنگاوێكی تا بڵێی جێی داخ بوو، ڕووداوە سەربازییەكانی ئەم دواییە لە ناوچەی كەنداودا بە شێوەیەكی بەرچاو و دراماتیكی بوونەهۆی هەڵكشانی بارگرژییەكان، هەروەها سەپاندنی سزای نوێ لەلایەن ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە بەسەر ئێراندا بوونەتە هۆی ئەوەی هێندەی دیكە هێنانەدیی دەرئەنجامێكی ئاشتییانە و دیپلۆماتی كارێكی سەخت بێت.

*** ئێمە دەزانین كە ئێران وەك كاردانەوەیەك لەبەرامبەر كشانەوەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە ڕێككەوتنەكە و سەپاندنەوەی سزا ئابوورییەكان، ڕایگەیاند كە هەنگاو بە هەنگاو پابەندبوونەكانی بەم ڕێككەوتنەوە كەم دەكاتەوە، پێتان وایە ئەم هەنگاوەی ئێران چ دەرئەنجامێكی لێ دەكەوێتەوە، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە بۆ سەرهەڵدانی ناكۆكی و پێكدادانی سەربازی سەربكێشێت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەگەری ڕوودانی ناكۆكیی سەربازی لە ئێستادا زیاتر بووە، هەرچۆنێك بێت، زۆرجار سەرۆك دۆناڵد ترەمپ ڕەفتاری

**سیاسەتەكانی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ لە ئاست وڵاتێكی وەك ئێراندا بریتیین لە ڕێچكەی ڕووبەڕووبوونەوە، كە بۆی هەیە لە كۆتاییدا بۆ پێكدادان لە نێوان ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و ئێران سەربكێشێت**

خۆزاڵکردن و ئیستفزازی دەگرێتەبەر بۆ زیادکردنی فشار لەسەر رکابەرەکانی بۆ ئەوەی ناچاریان بکات، بگەڕێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ. ئەمە دەقاودەق ئەو ستراتیژیەتە بوو کە سەرۆك ترەمپ لە ئاست کۆریای باکوور گرتیەبەر، کە وا دەردەکەوێت تا رادەیەك ئەم ستراتیژیەتەش سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت، ئەوەی پەیوەندیی هەبێت بە ئێرانەوە، ئەوا وا پێدەچوو کە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئەو وڵاتەدا باشترین رێککەوتنێك بێت کە لەو کاتەدا ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێشبینی بەدیهێنانی بکەن، بەڵام پاشەکشەکردن لەو رێککەوتنە و ئومێدخواستن بەوەی تاران ناچار دەبێت خۆی رادەست بکات و «رێککەوتنێکی باشتر» قبووڵ بکات، کارێکی ناواقیعبینانە بوو. لەم روانگەیەوە پێم وایە ئەنجامدانی رێککەوتنێکی باشتر بێ ئەندازە ئەگەرێکی دوورە.

*** بەڵام ئەوەی دیارە ئەوەیە کە لایەنێکی بەرچاوی ئەو ستراتیژیەتەی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ پیادەی دەکات، بریتییە لە بەکارهێنانی فشار و سزا ئابوورییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی، بە تایبەتی لە ئاست ئێراندا، کە هەندێ کەس بە دیپلۆماسیەتی ناچارکردن ناوی دەبەن، بەڵام هەندێ کەس رەخنەی ئەوە دەگرن کە ئەم رێگاچارەیە زیاتر ناچارکردن لەخۆ دەگرێت و کەمتر لایەنی دیپلۆماسی تێدا رەچاو دەکرێت، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەوەی دەکرێت لەم بارەیەوە بوترێت ئەوەیە کە ئەگەرچی پێدەچێت ئەم ستراتیژیەتە سەرکەوتوو بووبێت لە ئاست کۆریای باکووردا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە ئاشکرایە کە زۆرێك لە وڵاتان لە ئاست ناچارکردن و هەڕەشەکردندا کاردانەوەیەکی باشیان نییە، ئەوەتا ئەم کاردانەوەیەمان نەبینی لەلایەن چینەوە، هەروەها رووسیا و ئێرانیش ئەم کاردانەوەیان نەبوو، ئەوەی پەیوەندیی بە ئێرانەوە هەبێت، ئەوا ئەو رێگاچارەیەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ئەم ناوچەیەدا گرتوویەتەبەر، پتر ناچارکردنە وەك لەوەی دیپلۆماسی بێت، تەنانەت دەتوانم بڵێم کە لە باشترین حاڵەتدا ئەمە سیاسەتێکی ناکارا و کرچ و کاڵە و لە باشترین حاڵەتیشدا دژ و پێچەوانەی دیپلۆماسییەتە.

*** باشە ئەمریکا باس لەوە دەکات کە سزاکان لە دژی ئێران کاریگەر بوون و بوونەتە هۆی دروستکردنی دژواریی دارایی بۆ ئەو وڵاتە، پێت وایە کاریگەریی ئەم کێشە و دژوارییە داراییانە لەسەر ئێران چی دەبێت؟ ئایا لە کۆتاییدا دەبنەهۆی ئەوەی ئێران ناچار بێت، سازشی گەورە و ئازاربەخش بکات؟**

- ئێمە دەزانین کە سزاکانی پێشتر بە رادەیەکی گەورە کاریگەریی خراپیان لەسەر ئابووریی ئێران جێهێشت و سزا سەپێندراوەکانی ئەم دواییەش هێندەی دیکە دۆخەکەیان سەخت کردووە، بەڵام کاتێك مەسەلەکە بە بەرژەوەندییە بنەڕەتییە



نەتەوەییەکان و بە شکۆ و شانازی نەتەوەییەوە پەیوەست بێت، ئەوا حکومەت و کۆمەڵگەکان بەرگەی ئازار و نەهامەتییەکی زۆر دەگرن پێش ئەوەی ئاڵای سپی بەرز بکەنەوە. دەکرێت تاران بە ئەندازەیەکی کەم لە بارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەوە سازش بکات، بەڵام ئەگەری ئەوە نییە سازشێکی گەورە لەسەر برگەکانی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بکات، کەواتە دەکرێت بوترێت ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە ئێران خۆی رادەستی داخوازییەکانی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بکات، تەنانەت ئەگەر تاران سەرلەنوێ سازش بکات، ئەوا هەرگیز گفتوگۆکارە ئێرانییەکان ناتوانن دڵنیا بن لەوەی جارێکی دیکە واشنتۆن سەقفی داواکارییەکانی بەرز ناکاتەوە.

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رێگاچارەی رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئێراندا گرتۆتەبەر، کە ناوی ناوە هەڵمەتی فشاری بێ ئەندازە، ئامانجی و ئومێدی ئەمریکاش ئەوەیە ئەم فشارانە حکومەتی ئێرانی بە چۆکدا بهێنێت**

**تاکە رێگرییەک کە بووە هۆی ئەوەی لە نێوان ئێران و ئەمریکا پێکدادان روونەدات، بڕیارەکەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ بوو بە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری سرەواندنی گورزێکی ئاسمانی لەلایەن ئەمریکاوە لە دژی ئێران**

**سەرۆک ترەمپ دوودڵە لەوەی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆی لە شەڕەوە تێوەبگلێنێت، ئەمە لە کاتێکدا راوێژکارەکانی و هەروەها وڵاتانی سعودییە و ئیماراتیش هەوڵدەدەن ترەمپ بەم ئاراستەیەدا بڕوات**

*** هەر لە پەیوەندی بە سیاسەتی ئیدارەی ترەمپەوە لە ئاست ئێراندا، باس لەوە دەکرێت کە ئەم سیاسەتە دژیەکی لەخۆدەگرێت، لەبەر ئەوەی خودی سەرۆک ترەمپ پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی ئەنجامدانی ڕێککەوتن لەگەڵ وڵاتاندا بە هیچ مەرجێکی دیکەی وەك: پرسی مافەکانی مرۆڤ و سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتەکە گرێ نەدرێتەوە، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئەم ئیدارەیە جەخت لەسەر ڕێککەوتنێکی گشتگیر و هەمەلایەن لەگەڵ ئێران دەکاتەوە، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ بریتییە لە کۆمەڵێك دژیەکی و ناسازی کە لە ئاست ئێران و چەندین پرس و کێشەی دیکەدا هیچ خەسڵەتێکی واقیعبینانەی لەخۆ نەگرتووە، لە ڕاستیدا زۆرێك لە ڕەفتارەکانی واشنتۆن ڕەفتاری ناکامڵن.

*** بەڵام ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ لە ئاست وڵاتاندا تەنیا فشار و سزای ئابووری پیادە ناکات، بەڵکو لە هەمان کاتدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان هەوڵ دەدات پاڵنەر و هۆکاری ئابووریش بگرێتەبەر، وەك ئەوەی بەم دواییە لە ئاست کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل دا کرا، کە بە سەفقەی سەدە وەسفکرا، ئایا لێکدانەوە و شرۆڤەکاری ئێوە لەم ڕووەوە چییە ؟**

- پاڵنەری ئابووری خۆی لە خۆیدا گرنگە، بەڵام سەرۆك ترەمپ و سەرۆکەکانی پێشووی ئەمریکا لە گرنگی و کاریگەرییەکانی پاڵنەرە ئابوورییەکاندا زیادەڕەوییان کردووە، ئێمە دەزانین ئێران نیگەرانیی ئەمنیی گەورەی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە هەوڵی عەرەبستانی سعودیە و هاوپەیمانەکانی بۆ بەدەستهێنانی هەژموون و باڵادەستی بەسەر ناوچەکەدا. ڕەنگە بارودۆخەکە ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێت، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی کشانەوەی هێزەکانی وڵاتی ئیمارات لەو هاوپەیمانێتییەی کە سعودیە ڕێبەرایەتی دەکات و شەڕی لە یەمەندا هەڵگیرساندووە و مەیلی وڵاتی قەتەر بۆ هەبوونی پەیوەندی باشتر لەگەڵ ئێراندا. هەرچۆنێك بێت، نیگەرانییەکانی ئێران پتر پەیوەستە بە کێشە سەربازی و ئەمنییەکانەوە نەك بە پرسە ئابوورییەکانەوە. ڕەنگە هەڵگرتنی سزاکان و دووبارە پێشوازیکردنەوەی ئێران بۆ ئابووریی جیهان بە سەرکردایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەنگاوێك بێت، کە سەرکردە ئێرانییەکان پێشوازی لێ بکەن، بەڵام ئەمە ئەو کاتە ڕوودەدات کە واشنتۆن داوای ئەوە نەکات، کە تاران هەژمونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عەرەبستانی سعودیە و دەوڵەتی ئیسرائیل قبووڵ بکات.



**دڵنیام لەوەی کە ئێران ئومێدی ئەوە دەکات جارێکی دیکە دۆناڵد ترەمپ نەبێتەوە بە سەرۆکی ئەمریکا و ئیدارەیەکی نوێ لە واشنتۆن دەستبەکار بێت**

**ئەگەر بێتو گۆڕانکارییەک لە دەسەڵاتدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕوویدات، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە ئیدارەی داهاتوو بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە**



یادەڕەوی نییە کە بوترێت خاڵی جیاکەرەوە و یەکلاکەرەوەی نێوان کۆمەڵگەیەك کە لە بازنەی شکست و قەیران و تەنگژەدا گرفتار بوویێت و کۆمەڵگەیەك کە توانیبێتی ئەدایەکی باشی ئابووری و سیاسی هەبێت، بریتییە لە جۆر و سرووشتی حوکمڕانی لەو کۆمەڵگەیەدا. واتە تەنیا ئیدارەدان و حوکمڕانیی کۆمەڵگەیەك بەس نییە، بەڵکو دەبێت ئەو حوکمڕانییە کۆمەڵێك پێوەر و ستاندارد بەدی بهێنێت کە پێکەوە دەبنەهۆی بەدیهێنانی ئەوەی پێی دەوترێت حوکمڕانیی باش. هەروەها ئەوەش راستە کە هەر کۆمەڵگەیەك تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە دەرئەنجامی پاشخانی مێژووی و پەرەسەندنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەو وڵاتەیە، لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە بتوانرێت کۆمەڵێك رەهەند و رواڵەتی هاوبەش دەستنیشان بکرێت، کە دەبێت بەدی بهێنرێت، تاوەکو حوکمڕانییەکە لە ئاستی چاوەڕوان و خواستەکانی خەڵکەکەدا بێت، وەك چەسپاندنی سەروەریی یاسا و هەڵگرتنی هەنگاوی جددی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەکارهێنانی داهاتی سەرچاوە سرووشتییەکان بۆ دەستەبەرکردنی پەرەپێدانی ئابووری و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵکەکە. ئەو وڵاتانەی نەیانتوانیوە کارا بن لە دامەزراندنی حوکمڕانیی باشدا، باجی گەورەیان

دیمانەی تایبەت

**جاكۆب فەتایل**

پرۆفیسۆری زانستی كارگێڕی بۆ گوڵان:

# بێ بوونی حوكمڕانیی باش دەبێت چاوەڕێی داكشان و پووكانەوەی ئابووری بكرێت

**داوە و كۆمەڵگەكانیان بارگران بووە بە نەهامەتی و شڵەژانی كۆمەڵایەتی و نائارامیی سیاسی و پووكانەوەی ئابووری، لەم رووەوە وڵاتێكی وەك نەیجیریا لە كیشوەری ئەفریقیا نموونەیەكی زەقە. بۆ قسەكردن لەم بارەیەوە گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵ یەكێك لە توێژەر و ئەكادیمییەكانی ئەو وڵاتەدا ئەنجام داوە بۆ تیشك خستنەسەر رەوشی ئەو وڵاتە و تەحەددییەكانی بەردەم هێنانەدی حوكمڕانییەكی كارا تێیدا. ئەویش پرۆفیسۆر (جاكۆب ئۆلوفێمی فەتایل)ـە، كە خاوەنی بڕوانامەی دكتۆرایە لە ئیدارەدانی گشتی كە لە زانكۆی یێنین لە نەیجیریا بەدەستی هێناوە و لە ئێستادا پرۆفیسۆری زانستی ئیدارەدانە لە بەشی ئیدارەی گشتی لە زانكۆی لاگۆس ستەیت لە هەمان وڵات، ئەندام و توێژەرە لە چەند كۆمەڵە و ئەنستیتوتێك، وەك ئەنستیتوتی دیپلۆماسیەت و ئیدارەدانی گشتی، كۆمەڵەی باشووری ئەفریقیا بۆ ئیدارەدانی گشتی. خاوەن چەندین توێژینەوەیە لە بوارەكانی ئیدارەی گشتی و چاكسازیی ئیدارەی گشتی، گەندەڵی و تەحەددییەكانی بەردەم حوكمڕانیی باش لە كەرتی گشتی و ئەدا و ئیتیك لە كەرتی گشتی نەیجیریا، ئەمەش دەقی دیمانەكەیە.**

**یەکێک لە پێوەر و ستانداردەکانی بوونی حوکمڕانیی باش بەرەنگاربوونەوە و سنووردارکردنی گەندەڵییە و گەندەڵییش لە وڵاتانی ئەفریقیا بەگشتی و لە نەیجیریا بەتایبەتی زۆر بەربڵاوە**

**بەشێکی زۆری داهاتی سەرچاوەکان بۆ بواری ئەمنی و چارەسەرکردنی دۆخە نائارام و ناسەقامگیرەکە تەرخان کراوە، بەڵام لەوەشدا نەتوانراوە دەرئەنجامی بەرچاو و خوازراو بەدەست بهێنرێت**

**دەبێت کار لەسەر بەهێزکردنی دامەزراوەیەکی تایبەت بە نەهێشتنی گەندەڵی بکرێت، دەبێت ئەم دەزگایەش لە کۆنترۆڵ و رکێفی سیاسەتمەدارەکان رزگار بکرێت**

*** چۆن لە پرسی حوکمڕانی دەڕوانیت؟ ئایا بنەڕەتیترین پایەکانی ئەم جۆرە حوکمڕانییە چین و ئایا ئەو ئاستەنگ و تەحەددییانە چین کە بوونەتە هۆی ئەوەی وڵاتێکی وەك نەیجیریا نەتوانێت لەم رووەوە هەنگاوی کارا و بەرچاو هەڵبگرێت؟**

- لە بنەڕەتدا کاتێك باسی حوکمڕانیی باش دەکەین، ئەوا ئەمە بە شێوەیەکی توند گرێدراوەتەوە بە پرسی سەروەریی یاساوە، لە هەمان کاتدا ئەمە گرێدراوە بە فەراهەمکردنی دیموکراسی و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری و پێداویستییەکانی هاووڵاتییانەوە. کاتێك ئێمە ئەگەری هێنانەدی ئەم هەلومەرجانە تاوتوێ دەکەین لە وڵاتانی تازە گەشەکردوودا، ئەوا دوچاری کێشە و دژواری دەبینەوە، هۆکاری سەرەکییش ئەوەیە کە سیاسەتمەداران و بڕیاربەدەستان بە پلەی سەرەکی لە خەمی هێنانەدی بەرژەوەندییە تایبەت و بەرتەسکەکانی خۆیاندان و لە خەمی خۆدەوڵەمەندکردنداندان، واتە وەك بزنسێك لە کاری سیاسی دەڕوانن و بەو شێوەیەش مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. کە ئاشکرایە کاتێك سیاسەتمەندارانیش بەم شێوەیە هەڵسوکەوت بکەن، ئەوا ئەو حوکمڕانییەی لە ئارادا دەبێت، خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خەڵك ناکات و زیانیان پێ دەگەیەنێت.

*** کێشەیەکی دیکەی زۆر جددی و مەترسیدار کە وڵاتی نەیجریا بەدەستییەوە گرفتارە و بۆتەهۆی ئەوەی بەهەدەردانی سەروەت و سامانی گەورەی ئەو وڵاتە، بریتییە لە گەندەڵی کە لە ئاست و مەودایەکی زۆر بەربڵاودایە، چۆن لەم پرسە دەڕوانیت و چ هەڵسەنگاندنێکت هەیە بۆ رەوشەکە و ئایا گەندەڵی رێگرە لە بەردەم هێنانەئارای حوکمڕانیی باش، یان مەسەلەکە ئەوەیە ئەمە دەرئەنجامی حوکمڕانیی خراپە؟**

- لە راستیدا ئەگەر ئێمە بێینەسەر باسی دۆخەکە لە وڵاتی نەیجیریا و چەندێکی وڵاتێکی دیکەی تازە گەشەکردوو لە ئەفریقیا و لە پەیوەندی بە پرسی حوکمڕانیی باشەوە، ئەوا واقیعەکە ئەوەیە کە هێنانەدیی حوکمڕانیی باش لەم وڵاتانەدا لە بارێکی نالەباردایە، بەتایبەتی بەهۆی بوونی گەندەڵییەوە، کە ئێمە دەزانین یەکێك لە پێوەر و ستانداردەکانی بوونی حوکمڕانیی باش بەرەنگاربوونەوە و سنووردارکردنی گەندەڵییە، بەڵام دەبینین گەندەڵی لە وڵاتانی ئەفریقیا بەگشتی و لە نەیجیریا بەتایبەتی زۆر بەربڵاوە. راستە لە زۆربەی جیهاندا گەندەڵی هەیە، بەڵام ئەوەی لێرە بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە هەر کاتێك سیاسەتمەداران دەگەنە دەسەڵات، ئەوا بیر لەوە دەکەنەوە چەند سەروەت و سامان کەڵەکە بکەن. ئەمە لە کاتێکدا ئەم وڵاتە خاوەن سەرچاوەی سرووشتییە کە دەکرا سوودیان لێ وەربگیرایە بۆ بواری پەرەپێدان و گەشەپێدان، بەڵام دەبینین بوونی گەندەڵی بۆتە رێگر لە بەردەم هێنانەدی ئەم ئامانجە. کەواتە لەم روانگەیەوە دەتوانم بڵێم کۆمەڵگەی ئێمە گرفتار بووە بەدەست ئەو دەسەڵات و سیاسەتمەدارانەوە کە لە گەندەڵییەوە تێوەگلاون. ئەوەتا هێشتا کێشەکانی هەژاری و نەخوێندەواری و بێکاری کێشەی زەقن لەم وڵاتەدا، سەرباری ئەو سەروەت و سامانە سرووشتییانە کە هەیەتی.

*** ئێوە ئاماژەتان بە خاڵێکی گرنگ کرد، واتە دەستتان خستەسەر کێشە و برینێکی گەورە کە زۆرجار توێژەران بە نەفرەتی سەرچاوەکان ناوی دەبەن، واتە سەرەڕای ئەوەی وڵاتەکە خاوەن سەرچاوەی گەورەی سرووشتییە، بەڵام ناتوانێت سوود لەم سەرچاوانە وەربگرێت و بگرە دەبنە مایەی نەهامەتی و نەگبەتییش بۆ وڵاتەکە، ئەمە تا چەند لە وڵاتی نەیجیریادا بەدی دەکرێت؟**

- ئەوەی لەم رووەوە دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە ئەو سەروەت و سامان و سەرچاوە سرووشتییانە لە وڵاتی نەیجیریادا بەهەدەر و بەفیڕۆ دەدرێن، چونکە کاتێك ئێمە باسی چۆنیەتی هێنانەدی گەشەی ئابووری دەکەین، ئەوا دەبێت باسی چۆنیەتی رەخساندنی هەلی کار و چۆنیەتی ئەنجامدانی وەبەرهێنان بکەین، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، ئەم پرسانە نەبوونەتە خەم و ئەولەوییەتی سیاسەتمەداران و دەسەڵاتدارانی وڵاتی ئێمە. ئەوەتا ئێستاش بەشێکی زۆری خەڵکی وڵاتی ئێمە بە دەست نەبوونی کارەباوە گرفتارن. کەواتە دەتوانین ئێمە مەزندەی ئەوە بکەین کە چۆن ئەم سامانە بەهەدەر دراوە و تەنانەت زۆرجار بەشێکی زۆری داهاتی ئەم سەرچاوانە



بۆ بواری ئەمنی و بۆ چارەسەرکردنی دۆخە نائارام و ناسەقامگیرەکە تەرخان کراوە، بەڵام لەوەشدا نەتوانراوە دەرئەنجامی بەرچاو و خوازراو بەدەست بهێنرێت. من لێرەدا دووبارە جەخت لەسەر گرنگیی سەرکردایەتیی سیاسی دەکەمەوە، چونکە ئەگەر ئاراستەی کارکردنی سەرکردایەتیی سیاسیی وڵاتەکە بە ئاقاری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بوو، ئەو کات دەکرێت باس لە ئەگەرەکانی هێنانەئارای گەشەی ئابووری و هەنگاوهەڵگرتن بەرەو دامەزراندنی حوکمڕانیی باش بکرێت.

*** کەواتە دەکرێت پرسیارەکە بە شێوەیەکی دیکە بکەین و بڵێین کێشە راستەقینەکە بریتی نییە لە بوونی سەرچاوە سرووشتییەکان، بەڵکو بریتییە لە بوونی حوکمڕانییەکی خراپ کە خەمی خەڵکی نەکردۆتە چەقی سیاسەتەکانی؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە ناکرێت لە سایەی حوکمڕانییەکی خراپدا چاوەڕوانی ئەوە بکەین گەشەی ئابووری بەدی بێت، بە دەربڕینێکی دیکە کاتێك حوکمڕانیی باش لە ئارادا نەبێت، ئەوا دەرئەنجامەکە چەقبەستن و پووکانەوەی ئابووری دەبێت. ئەوەتا ئێستاش دۆخەکە لە وڵاتی نەیجیریا بە چەشنێکە کە دەبینین ئابووریی ئەم وڵاتە دوچاری داکشان و پووکانەوە بووە. من دیسان کێشەکە دەگەڕێنمەوە بۆ سەرکردە سیاسییەکانی وڵاتەکە و بە سیاسیکردنی سەرجەم رەهەند و بوارەکانی ژیان لەم وڵاتەدا، بە چەشنێك کە نەتوانراوە داهاتی ئەو سەرچاوانە بە شێوەیەکی بەکاربهێنرێن و بخرێنەگەڕ کە گەشەکردن و بووژاندنەوەی ئابووری لێ بکەوێتەوە.

*** بە تێڕوانینی ئێوە پێویستە هەنگاوی بەپەلە چی بێت بۆ راستکردنەوەی ئەم بارە ناهەموارە؟ ئایا پێتان وایە دەبێت سەرەتا لە بەهێزکردنەوەی دامەزراوەکانەوە دەست پێبکرێت، یان هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە، یان دەبێت ئەولەوییەت دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی قەزائی بێت؟ ئێوە لەم رووەوە چ پێشنیار و رێگاچارەیەك دەخەنەڕوو؟**

- دەبێت هەنگاوی یەکەم و بەپەلە بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەی گەندەڵی بێت، کە ئێمە دەزانین گەندەڵی لەم وڵاتەدا لە ئاستێکی بەربڵاودایە، کە پێم وایە لەم رووەوە دەبێت کار لەسەر بەهێزکردنی دامەزراوەیەکی تایبەت بە نەهێشتنی گەندەڵی بکرێت، دەبێت ئەم دەزگایەش لە کۆنترۆڵ و رکێفی سیاسەتمەندارەکان رزگار بکرێت، ئەمە لە کاتێکدا ئەو دەزگایە دەبێت بە فیعلی چاودێری گەندەڵی بکات و بەرەنگاری ببێتەوە. دەبێت ئەم هەنگاوانەش لە چوارچێوەیەکی گشتگیرتر و بەرفراوانتردا هەڵبگیرێن کە ئەویش بریتییە لە سەروەریی یاسا، کە دەبێت کار جددی بکرێت بۆ هێنانەئارا و درێژەپێدان و پارێزگاریکردن لە سەروەیی یاسا.

**ئەگەر ئاراستەی کارکردنی سەرکردایەتیی سیاسیی وڵاتەکە بە ئاقاری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بوو، ئەو کات دەکرێت باس لە ئەگەرەکانی هێنانەئارای گەشەی ئابووری و هەنگاوهەڵگرتن بەرەو دامەزراندنی حوکمڕانیی باش بکرێت**

# دەوڵەتی ئایینی

**دوای ئەوەی کە کێشە کەوتە نێوان ئیمامی عەلی و معاویە، پاشان کێشەکە بۆ نەوەکانی پێغەمبەر مایەوە، بەڵام ئیمام حەسەنی کوڕی ئیمامی عەلی لە سیاسەت کشایەوە**

پەیڤی Theocracy وشەیەکی یۆنانییەو، لە دوو بڕگە پێکهاتووە، یەکەم: Theos خودا، بڕگەی دووەم: Cracy لە یۆنانی Kratia واتە حوکم، واتە حوکمی خودا، یەکەم کەس کە ئەم پەیڤەی داهێنا، دیرۆکڤانی جوولەکە یوسفوس بوو، Josephus ناوبراو ئەم وشەیەی لە تەورات دەرهێنا، بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای یاساکانی خودا دەوڵەتێك دابمەزرێنێت، واتە تەورات، کەواتە: ئەم بیرۆکەیە لە بنەڕەتدا لە یەهودییەتەوە هاتووە، چونکە ئەگەر تەورات بخوێنینەوە، دەبینین لە سیفری (التثنیة) دەڵێت: «خودا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ حوکمی ئیسرائیل دەکات». هەروەها لە سیفری تەکوین ئیسحاحی حەڤدە هەمان بیرۆکە دووبارە بۆتەوە، ناوی ئەم دەوڵەتەشی ناوە (مملکة الله) The Kingdom of God واتە (جێنشینی خودا) لە سفری (القضاه)دا هاتووە، دەبێ حاکم لە پیاوە ئایینییەکان بێت، هەرچەندە پێش ئەوە لە یاساکانی حەمۆرابی هاتووە کە حەمورابی خۆی دەڵێت: خوداکان منیان دەستنیشان کردووە بو چەسپاندنی دادپەروەری، بەڵام بە شێوەیەکی سیستەماتیك نەبووە، وەکی ئەوەی لە یەهودییەت باسکراوە، ئەم هزرە کاریگەریی لەسەر مەسیحیەت هەبوو. برتراند رسل Bertrand Russell فەیلەسوفی بەریتانی دەڵێت: دەوڵەتی یەهودی، دوای گەڕانەوەیان لە بابل دەوڵەتێکی ئایینی بوو، مەسیحییەکانیش لەوان فێر بوون، دەوڵەتێکی ئایینی دروست بکەن یەکەم کەسی ریفۆرمخواز دۆمینیکی مەسیحی ساڤۆنا رۆلا بوو Savonarola کە داوای دەوڵەتێکی ئایینی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دژی گەندەڵی بوو، تا گەیشتە رادەیەك روبەڕووی پاپا ئەسکەندەری شەشەم بووەوە، بەڵام لە ساڵی (١٤٩٨ز) بە زیندوویی سووتێنرا. لە داخی ئەم تراژیدیایە میکاڤیلی لە ساڵی (١٥٢٧ز) Machiavelli گوتی: «ئەو پێغەمبەرانەی چەکیان نییە، بەردەوام شکست دێنن»، کاتێ ئیمبراتۆری رۆما قوستەنتین بوو بە مەسیحی ومەسیحیەتی کردە ئایینی فەرمی، گوتی: «من لای خواوە دەستیشان کراوم کە سەرپەرشتیی هەموو کاروباری دەرەوەی کەنیسە بکەم» دوای ئەوەی ئەم بیرۆکەیە لەمەسیحییەتدا جێگیر بوو، هەریەك لە پۆلس و Paul و بۆترۆس Peter و ترتلیان Ter-



د.عەرەفات کەرەم ستونی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

tullian بەرگریان لەو بیرۆکەیە کرد، پۆلس دەڵێت: «سوڵتان و دەسەڵات لە خوداوەیە، خودا ئەوانی بۆ ئێمە داناوە، ئەگەر ئێمە بەرەنگاریان ببینەوە، ئەوا بەرەنگاری دانانی خودا ئەبینەوە» (ترتلیان)یش دەڵێت: «دەسەڵاتی ئیمپراتۆر لە خوداوە هاتووە» (بۆترۆس)یش هەمان بۆچوونی لەسەر دەسەڵات هەیە، دوای ئەوە پاشاکانی ئەورووپا زیاتر بایەخیان بە ئاییندا، چونکە بایەخدان بە ئایین، یان بە مەسیحینەت واتە درێژکردنی تەمەنی دەسەڵات، هەروەها ئەوکەسانەیان لە خۆ نزیك دەکردەوە کە بەرگرییان لەم جۆرە دەسەڵاتانە دەکرد، بۆ نموونە: (سێر روبەرت فیلمەر) (١٩٦٣ز) Sir Rbert Filmer خاوەنی کتێبی Patriarcha (حوکمی پاپایی) کە یەکێکە لە هزرڤانانی سیاسی لەبەریتانیا، زۆر بەرگریی لەم جۆرە حوکمە دەکرد، بۆیە دەڵێت: «هیچ کەسێك لە دایك نابێت و ئازاد بێت، هەموومان بەندەین و، لەژێر ئیرادەی حاکمی خاوەن دەسەڵاتی بێ سنووردایـن. چونکە مەلیك لەسەرووی هەموو یاسایەکە». هەروەها (جاك بوسوێت) (١٧٥٤ز) Jacques Bossuet بە (لۆیسی چواردەهەم) دەڵێت: «ئەو تەختەی تۆ، هی مروڤ نییە، بەڵکو هی خودایە»، لە ساڵی ١٥٥٥ بییر دی رونسارد Pierre de Ronsard نووسیویەتی پاشای فەرەنسا خودایەکی گەورەیە، لە ساڵی ١٦٢٥ گەیشتە رادەیەك کە ئەنجومەنی گشتیی پیاوانی ئایینی لە فەرەنسا نەك بڵێن پاشاکانی فەرەنسا لە لایەن خوداوە دەستنیشان کراون، بەڵکو گوتیان پاشاکانی فەرەنسا خۆیان خودان.

سەرەڕای ئەو شۆڕشە گەورەیەی کە مارتن لوسەری Martin Luther ئەڵمانی (١٥٤٦ز) لە دژی کەنیسەی کاسۆلیك بەرپای کردبوو، کەنیسەی پرۆتستانتی دروست کرد، بەڵام ئەویش هەمان بۆچوونی لە سەر سیاسەت و حوکمڕانی هەیە، بەڵکو زۆر توندتریش بۆی چووە، ناوبراو دەڵێت: «ئەو دەستەی کە سەرێك بە شمشێر دەبڕدرێت، ئەمە دەستی مروڤ نییە، بەڵکو دەستی خودایە» هزرڤانی فەرەنسی جان بودان Jean Bodin دەڵێت: »پاشا لەسەروی یاساوەیە، چونکە خۆی دروستکەری یاسایە، ئەمە دەبێ وابێ».

مێژووی ئیسلامیش لەم جۆرە نموونانە دوور نییە، بەڵام ئەو مێژووەی کە باسی دەکەم

**کاتێ عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان (٧٣هـ٨٦) دەسەڵاتی گرتە دەست قورئانی پیرۆزی هێناو گوتی: «ئەوە جاری کۆتاییە دەتبینمەوە» هەروەها بە موسڵمانانی گوت: «هەر کەسێک پێم بڵێ تەقوای خودا بکە، سەری دەپەڕێنم»**

لەدوای هەر چوار خەلیفە دەست پێ دەکات، دوای ئەوەی کە کێشە کەوتە نێوان ئیمامی عەلی و معاویە، پاشان کێشەکە بۆ نەوەکانی پێغەمبەر مایەوە، بەڵام ئیمام حەسەنی کوڕی ئیمامی عەلی لە سیاسەت کشایەوە، پاشان کۆچی دوایی کرد، لەکوفە خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە بۆ پشتگیریکردنی کوڕی دووەمی ئیمامی عەلی(ر.خ) کە ئیمام حوسەینە، ئیمام حوسەین لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی لە مەککەوە روویان کردە کوفە، هەرچەندە خەڵکێکی زۆر کە (ئیبن عەباس) یەکێك بوو لەوان، ئامۆژگارییان کرد کە نەڕوات، بەڵام هەر رۆیشت، پاشان لە کەربەلا بە کوشتنی ئیمام حوسەین و هەڤاڵانی تراژیدیا دەستی پێکرد، دوای تراژیدیاکە عەلی کوڕی حوسەین لەگەل (محەمەد)ی کوڕی توانییان خۆیان رزگار بکەن و خۆیان بگەیێننە مەدینە، (ئیبن زۆبیر) لە دوای کارەساتی ئیمام حوسەین لە کەربەلا، خۆی وەکو خەلیفە راگەیاند و خەڵك بەیعەتیان پێ دا، بەڵام لەنێوان ئەو و یەزیددا شەڕ روویدا، کە یەزیدیش کۆچی دوایی کرد، عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان شوێنی گرتەوەو، بەردەوامیی بە شەڕەکەدا و، حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفیی نارد بۆ ئەوەی لە مەککە شەڕ لەگەل (ئیبن زوبێر)دا بکات، ئەوەبوو مەککەیان داگیرکردو (ئیبن زوبێر)یان کوشت، لێرەدا ئاشکرایە کە معاویە یەکەم کەس بوو کە بیرۆکەی دەسەڵاتی بنەماڵەی داهێنا، چونکە هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی (یەزید)ی کوڕی ببێتە فەرمانڕەوای موسڵمانان، ئومەوییەکان کە لەساڵی (٤٠هـ) بوون بە خاوەن دەسەڵات، یەکەم کاریان بەعەرەبکردنی دەوڵەت بوو، واتە: لە ناوەرۆکدا دەوڵەتیکی سیاسی عەرەبی بوو، تەنیا بە رووکەش دەوڵەتێکی ئایینی بوو، بەڵام کە دەسەڵاتیان گرتە دەست، بوو بە دەوڵەتێکی ئایینی دیکتاتوری جەبری عەرەبیزم. من لە پەرتووکەکەم بە ناونیشانی (مێژووی بە عەرەبکردنی ئایین) (تاريخ التعريب الديني) باسی ئەو بابەتەم بە تێروتەسەلی کردووە. تەنانەت کاتێ عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان (٧٣هـ٨٦) دەسەڵاتی گرتە دەست قورئانی پیرۆزی هێناو گوتی: «ئەوە جاری کۆتاییە دەتبینمەوە» هەروەها بە موسڵمانانی گوت: «هەر کەسێك پێم بڵێ تەقوای خودا بکە، سەری دەپەڕێنم». یەزیدی کوڕی عەبدولمولیك ویستی لەسەر رێچکەو رێبازی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (ر.ح) بڕوات، بەڵام لە چل رۆژ زیاتر نەیتوانی بەردەوام بێت، چونکە عومەر مرۆڤێکی دڵسۆز و لە خواترس و دادپەروەر بوو، بۆیە یەزید نەیتوانی، چونکە هەموو سیفەتەکانی بە پێچەوانەی عومەر بوون، بۆیە چل زانای هێنا بۆ ئەوەی شاهید بن کە هیچ لێپێچینەوە و سزای لەسەر نییە، واتە: خۆی ئازادە و لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە و، کەس مافی ئەوەی نییە رەخنەی لێ بگرێت، هەندێك لە زانایان بەرگرییان لە دەسەڵاتەکەی کرد و چەندین حەدیسی بێ بنەمایان دروست کرد، گوایە خوای گەورە ئومەوییەکانی بە دیاری بۆ موسڵمانان ناردووە، بەتایبەتی ئەو حەدیسە بێ بنەمایانەی کە باس لە سوڵتان و فەرمانڕەوا دەکەن، بۆ نمونە: حەدیسی (السلطان ظل الله تعالى فی الأرض) واتە سوڵتان، یان خەلیفە سێبەری خودایە لەسەر زەمین، ئێمە ناتوانین ئەم وەسفە بە پێغەمبەری خواش (د.خ) بدەین، چ جای ئومەوییەکان. کاتێ زیادی کوڕی معاویە بوو بە والی لە بەسرە، گوتی: «ئێمە بە سوڵتانی خودا کە بە ئێمەی بەخشیوە، حوکم لەسەر ئێوە دەکەین». بەڵام کاتێ سەیری خەلیفە ئەبوبەکر (ر.خ) دەکەین، دەبینین لە یەکەم وتاری دەستبەکاربوونیدا چی دەڵێت؟ ئایا گوتی: من بە سوڵتانی خودا حوکمی ئێوە دەکەم؟ نەخێر، بەڵکو گوتی: «من وەکو ئێوە مروڤم، لە ئێوە باشتر نیم، ئەگەر راست بووم بە دوام بکەون، ئەگەر هەڵەم کرد راستم بکەنەوە» لە دوای ئومەوییەکان عەباسییەکان هاتن، یەکەم خەلیفەیان سەفاح بوو، لە ساڵی (١٣٢هـ) لە کوفە بەیعەتی پێدرا، ئەویش هەمان کاری ئەنجامدا، ئەوەندەی لە ئومەوییەکان کوشت، تاوەکو ناویان لێنا سەفاح، کاتێ هاتە کوفە، وتارێکی داو گوتی: (أنا السفاح المبيح، والثائر المبيح)، واتە: من بۆم هەیە هەرکەسێ بکوژم، من شۆڕشگێڕێکم وەکو شمشێر دەبڕم، کەس ناتوانێ رێگریم لێ بکات، ئێمە حوکم بە قورئان و سوننەت دەکەین، ئەم

**لە دوای ئومەوییەکان عەباسییەکان هاتن، یەکەم خەلیفەیان سەفاح بوو، لە ساڵی(١٣٢هـ) لە کوفە بەیعەتی پێدرا، ئەویش هەمان کاری ئەنجامدا، ئەوەندەی لە ئومەوییەکان کوشت، تاوەکو ناویان لێنا سەفاح، کاتێ هاتە کوفە، وتارێکی داو گوتی: (أنا السفاح المبيح، والثائر المبيح)، واتە: من بۆم هەیە هەرکەسێ بکوژم**

**ئیمام مالیک لە سەردەمی عەباسییەکاندا بە هیچ شێوەیەک قبووڵی نەکرد، مەزهەبەکەی بکرێتە دەستووری دەوڵەت، لەم سەردەمەدا هیچ بزاڤێک پشتگیری لە دەوڵەتی ئایینی ناکات، تەنیا چەند گرووپێکی فەندەمەنتەلیزمی نەبێت، کە نزیکن لە بزاڤە تەکفیرییەکان**

دەسەڵاتە لە ئێمە ناچێتە دەرەوە تاوەکو تەسلیمی عیسای پێغەمبەر دەکەینەوە)، بەڵام سیستەمی دەوڵەت پێچەوانەی ئومەوییەکان بوو، چونکە ئەمانە دژی سیاسەتی بەعەرەبکردن بوون، بۆیە لەو سەردەمەدا غەیرە عەرەبەکان لە هەموو بوارێکەوە پێشڤەچوونیان بەخۆوە بینی، پاشان دەوڵەتی عوسمانی دروست بوو، ئەوەی دەوڵەتی بەسەری میللەتی کوردی هێناوە بەسە بۆ ناسینی ئەم دەوڵەتە، دەوڵەتێکی ئایینی مەزهەبی حەنەفی. پێویست ناکات باسی ئەم دەوڵەتە بکەین، چونکە عەبدولرەحمان کەواکیبی کتێبەکەی لەسەر دیکتاتۆریەتی دەوڵەتی عوسمانی نووسیبوو، کاتێك لەسەر داوای سوڵتان عەبدولحەمید جەمالەدین-ی ئەفغانی هاتە ئەستەنبۆڵ، بەچاوی خۆی بینی چ جۆرە دیکتاتۆرییەتێك لەم وڵاتەدا هەیە، هەموویشی بە ناوی ئایینەوە، یەکێك لە زانایانی کوردی باکوور، باسی ئەم دەوڵەت و سوڵتانەی کردووە، ئەویش (شێخ سەعیدی نەورەسی) یە کە لە نامیلکەکانی خۆیدا (رسائل النور) تیشکی خستۆتەسەر، شتێکی دیارە کە ئەم دەوڵەتە لەسەر بنەماکانی مەزهەبی حەنەفی دروست بوو، کە پێی دەڵێن: (مجلة الأحكام العدلية) بەڵام دوای تەمەنێکی زۆر هەندێ لە سوڵتانەکانی عوسمانی ویستیان تەنیا کار بەم (مجلة)یە نەکەن، بەڵکو سوود لە مەزهەبەکانی دیکەیش وەربگرن، چونکە خەڵکێکی زۆر هەن سەر بە مەزهەبەکانی دیکەن، بەڵام زانایانی ئەو سەردەمە قبووڵیان نەکرد بە هیچ شێوەیەك ئەم کارە بکەن، ئەم جۆرە سیاسەتە تەسکبینییە، بووە هۆی دروستبوونی کاردانەوەیەکی توند لەنێو گەلانی دیکەی موسڵماندا، وەکو کورد و عەرەب و بەربەر (ئەمازیغ) کە زۆربەیان سەر بە مەزهەبی دیکە بوون، لە سووریا لەساڵی (١٩٤٩) وەزیری داد (ئەسعەد کورانی) (مجلة الأحكام العدلية)ی عوسمانی حەنەفی رەتکردەوە و کاری بە یاساکانی رۆژئاوا کرد، چونکە مەزهەب تەنیا بۆچوونە، بۆیە ئیمام مالیك لە سەردەمی عەباسییەکاندا بە هیچ شێوەیەك قبووڵی نەکرد، مەزهەبەکەی بکرێتە دەستووری دەوڵەت، لەم سەردەمەدا هیچ بزاڤێك پشتگیری لە دەوڵەتی ئایینی ناکات، تەنیا چەند گرووپێکی فەندەمەنتەلیزمی نەبێت، کە نزیکن لە بزاڤە تەکفیرییەکان، لەم دواییەدا لەساڵی ٢٠١١ دوای رووخانی رژێمی حوسنی موبارەك، ئەزهەری شەریف وەسیقەیەکی دەرکردو تیایدا پشتگیری لە دەوڵەتێکی مەدەنی دەکات دژی دەوڵەتی ئایینی، دکتۆر (محەمەد سەلیم عەوا) دەڵێت: «دەوڵەتی ئایینی لە ئیسلامدا نییە»، دکتۆر (تارق سویدان) دەڵێت: «ئێمە دەوڵەتێکی مەدەنی پلۆرالیزمی دیموکراسیمان دەوێت و دەوڵەتی ئایینیمان ناوێت»، پارتی (نوری) سەلەفی لە میسر هەمان بڕوای هەیە، تەنانەت هەندێ لە ئەندامەکانی مەسیحین، پارتی عەدل و ئیحسانی مەغریبی ئیسلامی دەڵێت: «ئێمە رۆژێك لە رۆژان داوای دەوڵەتی ئایینیمان نەکردووە، بەڵکو ئێمە لەگەڵ دەوڵەتی مەدەنیداین».

لە بەرواری ٢٠١٢/٨/٢٩ لە کەناڵی (إقرأ) لە بەرنامەی (الرد الجميل) دکتۆر (محەمەد عمارە) بەقسەو بەنووسینەکانی پشتگیریی تەواوی بۆ دەوڵەتی مەدەنی دووپات کردەوە.

ئەوانەی دیموکراسییەت بە کوفر دادەنێن، جیاوازی لەنێوان بوارەکاندا ناکەن، وەکو بواری ئیداری و سیاسی کە عەقڵ و هزر دەتوانن رۆڵی سەرەکی تیایاندا ببینن، بەڵام بواری عەقیدە و ئەخلاق کە نەگۆڕن، دەقەکانی ئایین رۆڵی سەرەکی تیایاندا دەبینێت، کە دەڵێن: ئێمە سیستەمی دیموکراسیمان دەوێ، واتە: گەل بڕیاری خۆی بدات، نەك هزر و ئایدیۆلۆژیەت، جیاوازیی نێوان سیستەمی دیموکراسی و سیستەمەکانی دیکەی وەکو سیستەمی ئایینی و ئایدیۆلۆژی و دیکتاتۆری لێرەدایە، یەکەمیان لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە، ئەوەی دیکەیان لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە، هەر وەکو (جیل کیسل) ئەوەی باس کردووە، واتە یەکەمیان لەگەڵەوە دەست پێدەکات بۆ سەرەوە (هەڵبژاردنی نوێنەر)، ئەوەی دیکەیان بەسەر گەل و خەڵکدا دەسەپێندرێ، وەکو دەوڵەتی ئایینی، جا هەر ئایینێك بێت. لەم حاڵەتەدا دەوڵەتی مەدەنی تەنیا گەشە دەکات کە گەل بڕیار بدات، مەبەستمان لە بڕیاری گەل بڕیاردانە لە بورای ئیداری و سیاسی، نەك لایەنە نەگۆڕەکانی بیروباوەڕ و ئەخلاق.

**دکتۆر (محەمەد سەلیم عەوا) دەڵێت: «دەوڵەتی ئایینی لە ئیسلامدا نییە»، دکتۆر (تارق سویدان) دەڵێت: «ئێمە دەوڵەتێکی مەدەنی پلۆرالیزمی دیموکراسیمان دەوێت و دەوڵەتی ئایینیمان ناوێت»، پارتی (نوری) سەلەفی لە میسر هەمان بڕوای هەیە، تەنانەت هەندێ لە ئەندامەکانی مەسیحین**

**ئەوانەی دیموکراسییەت بە کوفر دادەنێن، جیاوازی لەنێوان بوارەکاندا ناکەن، وەکو بواری ئیداری و سیاسی کە عەقڵ و هزر دەتوانن رۆڵی سەرەکی تیایاندا ببینن، بەڵام بواری عەقیدە و ئەخلاق کە نەگۆڕن، دەقەکانی ئایین رۆڵی سەرەکی تیایاندا دەبینێت**



ئەسکەندەر حەیدەر ئامەدی
ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گولان:

# هەرێمی کوردستان بۆتە چەترێک بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان و دەبێت بە هەموومان ئەم هەرێمە بپارێزین

سەرۆک مسعود بارزانی لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ دەڤەری باڵەکایەتی راشکاوانە جارێکی دیکە ئەو هەڵوێستە نیشتمانییەی خۆی دووپات کردەوە کە نابێت جارێکی دیکە خوێنی کورد بە دەستی کورد برژێت. ئەم پەیامە مانای ئەوەیە کە چیتر نابێت لایەنێك کە لەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان حیسابە، هەوڵبدات زیان لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بدات و لە پێناوی بەرژەوەندیی حزبیی خۆیدا سوپای بێگانە پەلکێشی ناو خاکی کوردستان بکات و رێگر بێت لە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستان و خۆشگوزەرانیی هاوولاتیانیان. بێگومان ئەو ناوچە سنووریانەی هەرێم کە بە هۆی پەکەکە دوچاری بۆمباران و کاولکاری بوونەتەوە، بەشێکی زۆری خەڵکەکەی ناچاربوون ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێبهێڵن. بۆ قسەکردن لەسەر بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانیی گەلی کوردستان و هەوڵەکان بۆ کۆتاییهاتن بەم جۆرە تێڕوانیانە کە لە بەرژەوەندیی گشتیدا نین، ئەم دیدارەمان لەگەڵ ئەسکەندەر حەیدەر ئامەدی ئەندامی پێشووی پەکەکە ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گولانی دایەوە.

*** پەکەکە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان دەکرد، بەڵام ئێستا خۆی دژایەتیی بیری نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکات، ئایا هەر لەسەرەتاوە شتێك لای پەکەکە هەبووە بەناوی بیری نەتەوەیی و دەوڵەتی کوردستانەوە؟**

- بیرو ستراتیژیەتی پەکەکە لە سەرەتای دروستبوونی بۆ رزگاری هەر چوار پارچەی کوردستان بوو، بەڵام دواتر لەناو حزبەکەدا گۆڕانکاری دروست بوو، بە جۆرێك کە چەپی توندڕەو خۆی سەپاند، دوای ئەوەشی عەبدوڵا ئۆجەلان دەستگیر کرا، ئیدی پەکەکە بە تەواوەتی لە هزری نەتەوەیی دوور کەوتەوەو دروشمەکەی لە سەربەخۆیی کوردستانەوە گۆڕدرا بۆ دیموکراتی بۆ تورکیا، ئەمەش مانای ئەوەیە دروشمە بنەڕەتییەکە کۆتایی هات، دیارە ئێمە لەناو پەکەکە خۆمان بە هەڵگری بیری نەتەوەیی دەزانی و هەرلە سەرەتای دەستپێکردنیشمان بە خەبات بیری نەتەوەییمان هەبووە، هەزاران گەنجی کوردیش لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان خەباتیان کردووە و شەهید بوون، بۆیە ئێمە ئەوەمان پێ قبوڵ نەکرا کە پەکەکە لە هێڵی نەتەوەیی دوور بکەوێتەوە، بۆیە لێی جیابووینەوە. لەلایەکی دیکەوە پەکەکە گرووپێکی دیکەی تێدایە بە ناوی گرووپی ئەنقەرە کە ئەوانە وەکو قەرەویس و فوئاد و چەندی دیکە کە کاریگەری و فشاری زۆریان لەسەر سیاسەتی پەکەکە هەیە و بە چەندین هۆکاری تر و کاریگەریی ئەو گرووپە پەکەکە لە بیری نەتەوەیی دوورکەوتەوە.

*** پەکەکە هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە تا ئێستا، تا چەند دژایەتیی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستانی کردووە؟**

- ئایدیۆلۆژیەتی چەپ لە پەیڕەو و پرۆگرامی پەکەکەدا لە هەموو شتێکی دیکە و هزری نەتەوەیی گرنگترە، بۆیە پەکەکە هیچ هەنگاوێك هەڵناگرێت ئەگەر خزمەتی ئایدیۆلۆژیەتی چەپ نەکات. هەر بۆیە دوای ئەوەی ئۆجەلان دەستگیر کرا، ئیدی بە ئاشکرا بانگەشەیان بۆ دیموکراتی بۆ هەموو تورکیا دەست پێکرد و رایانگەیاند کە ئەوان نایەنەوێت خاکی تورکیا پارچە پارچە بێت، ئەمەشیان وەك بیانوویەك بۆ دوورکەوتنەوە لە بیری نەتەوەیی بەکارهێنا. ئەوجا ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە سەر هاودژیی پەکەکە لەگەڵ ئاراستەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان، ئەوا دەردەکەوێت کە پەکەکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ هەنگاو هەڵدەگرێت و لەگەڵ هیچ لایەنێکی سیاسیی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان یەك ناگرێتەوە، هەر بۆیەشە هەر بیروبۆچونێك لەدەرەوەی ئایدیۆلۆژیەتەکەی ئەو بێت، لەلای پەکەکە رەت دەکرێتەوە و قبوڵ ناکرێت. هەر بۆ نموونە هەندێ حزب وەکو ئاڵای ئازادی و کۆك و چەندین حزبی دیکە لە کوردستانی باکوور هەبوون، بەڵام پەکەکە هیچیانی قبوڵ نەبووە و هەر کەس و لایەنێك دژیان بووە، کوشتوویانە و شەڕیان لەگەڵ کردووە.

*** لەکاتێکدا زەمینەیەك هاتبووە پێشەوە بۆ ئاشتی و کوردانی تورکیا لە هەڵبژاردندا زیاتر لە ٨٠ کورسیی پەرلەمانیان بەدەستهێنا، بەڵام پەکەکە شەڕی بردە ناو تورکیا و لە دەوروبەری ئامەد شەڕی خەندەقی دەست پێکرد، بەمەش گورزێکی کوشندەی لە مافەکانی کوردی تورکیا وەشاند، ئایا ئەگەر پەکەکە مەبەستی ئەوەیە مافی کوردی تورکیا بەدەست بهێنێت، بۆچی وڵاتەکە وێران دەکات؟**

- بە تێڕوانینی من شەڕی خەندەق هەڵەیەکی زۆر خراپ بوو لەلایەن پەکەکەوە ئەنجامدرا، بەڵام لە بەرامبەریشدا حکومەتی تورکیا بە سیاسەتە هەڵەکانی زەمینەی بۆ ئەو شەڕە دروست کرد، هەروەك ئەو باردۆخەی ئێستای باکووری کوردستان کە حکومەتی تورکیا بە داخستنی سێ شارەوانی دروستی کردووە، لە بنەڕەتیشدا شەڕی خەندەقیش بە هەمان شێوە بوو، کە سەرەنجام بووە هۆکاری ئەوەی کە خەڵك ماڵی کاول بێت و لەسەر زێد و ماڵی خۆی دەربەدەر بێت، بەڵام لایەنی خراپی شەڕی خەندەق ئەوە بوو کە خەڵکی باکووری نیگەران و نائومێدکرد، لە ئەنجامی ئەم شەڕە، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵك کوژران و نزیکەی یەك ملیۆن و نیو کوردی ئەو ناوچانە ئاوارەو دەربەدەربوون لە نوسیبینەو جزیرە و ئەدەنە و چەندین شوێنی دیکە بۆ مرسین و باشووری کوردستان و چەندین شوێنی دی کۆچیان کرد و ئێستاکەش ئەو ئاوارانە نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە ناوچە و گوند و شوێنەکانیان لەبەر خاپووربوون و سووتانی خانووەکانیان و لەدەستدانی سەدان کەسوکاریان. هەر بۆیە ئەگەر ئێستاکەش سەیر بکەین، دەبینین

**بەڕێز مسعود بارزانی بۆ هەموو دنیای سەلماندووە کە کارو پەیوەندی و دیپلۆماسییەتیان تەنیا بۆ بەرژەوەندیی گەلی کورد و کوردستانە**

**دوای ئەوەی عەبدوڵا ئۆجەلان دەستگیر کرا، پەکەکە بە تەواوەتی لە هزری نەتەوەیی دوور کەوتەوەو دروشمەکەی لەسەربەخۆیی کوردستانەوە گۆڕدرا بۆ دیموکراتی بۆ تورکیا، ئەمەش مانای ئەوەیە دروشمە بنەڕەتییەکە کۆتایی هات**

حکومەتی تورکیا بڕیاری داوە سەرۆکی شارەوانی سێ شار لە کورد وەربگرێتەوە، لەم کارەشدا دەبینین دەنگێکی کەم لە کوردان لەدژی ئەو بڕیارە دەردەکەوێت.

*** شێوازێکی دیکەی سیاسەتی پەکەکە ڕەچاونەکردنی دابونەریتی کوردانەیە، واتە هەندێك ڕەفتار دەکەن کە لەگەڵ دابونەریتی کوردان یەك ناگرێتەوە، ئایا ئەمەیان بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، پەکەکە لە سیاسەتکردن ئاراستەیەکی تایبەتی خۆی هەیە و هەر شتێك لەگەڵ ئاراستەی ئەودا یەك نەگرێتەوە، ئەو ڕەتی دەکاتەوە، بۆیە لەم چوار چێوەیەدا لە دابونەرێتی کوردانەش دوور کەوتۆتەوە، دیارە ئەمەش دیسان نیگەرانیی زۆری دروست کردووە، چونکە ئێمەش دژی ئەوە بووین کە پەکەکە لە دابونەرتیتی کوردەواری دوور بکەوێتەوە، بێگومان دابونەریتی کوردەواری لە هەمووکوردستان هاوبەشە، بۆیە ئەگەر تەماشا بکەین، دەبینین کولتووری هەولێر و دیاربەکر هەمان کولتوورە کە هەردوولا حەز دەکەن لە ژیان و خۆشگوزەرانی، ئەگەرچی پەکەکە بەپێچەوانەوە بۆ ئەو کولتوورو ژیانەی میللەت کاری نەکردووە.

*** دیارە پەکەکە بەئاشکرا دژایەتیی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دەکات، ئەمەشی بەوە پیشان دەدات کە دژایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، ئایا پەکەکە بۆچی دژایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات؟**

- لەبارەی دژایەتیی پەکەکە بەرامبەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان ئێمە لەمێژە گوتوومانە و ڕەخنەمان لە پەکەکە گرتووە، بەتایبەتی کە پەکەکە لە ڕاگەیاندنەکانیدا زمانێکی زۆر خراپ دەرهەق بە پارتی بەکار دەهێنێت، ئەم کارو ڕەفتارەشی زۆر نارەواو نەشیاو ناهەقی و ناڕاستە، چونکە هیچ کەس و لایەنێك ناتونێت ئاخاڤتنێکی خراپ و نەشیاو دەرهەق بە جەنابی مسعود بارزانی بکات، یان دەرهەق بە کارو قسەکانی بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی و مسرور بارزانی بکات، لەبەر ئەوەی قسەی خراپ و نەشیاو و ناهەقی بەرامبەر ئەو سەرکردانە کارێکی دوژمنکارانەیە، چونکە هەموو دنیا گوێی لێ بوو کە جەنابی مسعود بارزانی فەرمووی نابێت قەت شەڕی کورد و کورد دروست بێت، ئەمەش گوتەیەکی زۆر بەنرخ و هەق و ڕاستە، بەڵام پەکەکە چونکە لەناوخۆی بەش بەشە و هەر بەشێك قسەو تێڕوانینی خۆیان هەیە، بۆیە بەشێکیان دژایەتی خۆیان رادەگەیەنن، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە واقیعی سیاسیی هەرێمی کوردستان وەك خۆی بخوێندرێتەوەو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئێستا باشووری کوردستان خاوەن دەسەڵات و حکومەتە و سیاسەت و پەیوەندی و دیپلۆماسیەتی خۆی هەیە و ناکرێت پەیوەندی و دیپلۆماسیی خۆی نەکات و بیپچڕێنێت لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و دەرەوە و ناکرێت حکومەتی کوردستان لە چوارچێوەیەك دابنێشێت و بڵێت لەگەڵ ئەو دراوسێیە پەیوەندی ناکەم و نامەوێت لەگەڵ ئەو وڵاتە پەیوەندی و دۆستایەتیم هەبێت و شەڕ دەکەم، بۆیە ئەوەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، دەوڵەتدارییە، بەڵام پەکەکە لەناو چادرێك دانیشتووە و لەسەر بنەمای دۆستی دوژمنەکەم دوژمنمە، سیاسەت دەکات، ئەمە کارێکی هەڵەیە و بۆشی ناچێتەسەر، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە عەقڵییەتێکی دەوڵەتداری هەڵسوکەوت و پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دەکات و ناکرێت دژایەتیی هەموو ئەمانە بکرێت.

*** پەکەکە تا ئێستا گوندێکی باکووری کوردستانی ئازاد نەکردووە، هاوکات باشووری کوردستان خاوەنی دەسەڵات و حکومەتی خۆیەتی و بۆتە جێگای ئومێدی هەر چوار پارچەی کوردستان، کەچی پەکەکە کێشەی بۆ دروست دەکات، ئایا پەکەکە بۆچی دژی باشووری کوردستانە؟**

- جێگەی شانازییە بۆ هەموو کوردان کە ئێستا هەرێمی باشووری کوردستان قەوارەیەکی پارێزراو و هێمنە و خاوەنی دەسەڵاتی خۆیەتی و ئەمەش وایکردووە کە کوردی هەر چوار پارچە بتوانێت لەم بەشە ئازادە وەك وڵاتی خۆی تێدا بژی، هەرێمی کوردستان خاوەنی ئاڵاو دەسەڵات و حکومەتی خۆیەتی کە دەتوانیت بەپێی ئەو یاسا و ڕێنماییانەی بۆ هاوولاتی، یان بۆ پەنابەرو ئاوارەکان هەیە، بە باشی ژیان لە باشووری کوردستان بەڕێوەببەیت، بەڵام ئەوەی پەکەکە دەیکات، ڕاگەیاندنی دژایەتی بەرامبەر ئازادی و دیموکراتییەتی باشووری کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە دوژمنایەتییەکی پڕ مەزنە بەرامبەر میللەت و تەواوی خەڵکی کوردستان.

*** ئایا ئەوەی پەکەکە دەیکات بەتایبەتی لەدژی حکومەتی کوردستان بەوەکالەتە و کێ لەپشتیانەوەیە؟**

**هەزاران گەنجی کورد لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان خەباتیان کردووە و شەهید بوون، بۆیە ئێمە ئەوەمان پێ قبووڵ نەکرا کە پەکەکە لە هێڵی نەتەوەیی دوور بکەوێتەوە و لێی جیابووینەوە**

**پەکەکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ هەنگاو هەڵدەگرێت و لەگەڵ هیچ لایەنێکی سیاسیی ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان یەک ناگرێتەوە، هەر بۆیەشە هەر بیروبۆچونێک لە دەرەوەی ئایدیۆلۆژیەتەکەی بێت، لەلای پەکەکە ڕەت دەکرێتەوە و قبووڵ ناکرێت**

- بێگومـان پەکەکـە بەوەکالـەت بـۆ وڵاتـان و بەتایبەتـی بـۆ حکومەتـی عێراقـی کار دەکات، هـەر وەکـو ئـەو پەنـد و گوتەیـە وایـە کـە دەڵێـت (دوژمنـی دوژمنـم دۆستی منـە)، ئـەوە پەکەکـەش لەلایـەن دوژمنانـی کـورد بـەو جـۆرە دەجووڵێتـەوە چ لەلایـەن ئێـران دەرهـەق بـە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان و لـە رۆژئـاوا بـە هەمـان شـێوە و بـۆ عێـراق لـە دژی هەرێمـی کوردسـتان دەجووڵێتـەوە، هەمـوو ئەوانـەی کـە پەکەکـە دەیـکات لـەدژی هەرێمـی کوردسـتان، زیاتـر حەسـادەت و چاوهەڵنەهاتنـە بەرامبـەر ئـەو ئەزموونـە سـەرکەوتووەی کـە هەیـە کـە خاوەنـی حکومـەت و پەرلەمـان و دەسـەڵات و هێـز و سـەروەریی خۆیەتـی و هەمـوو کەسـێك لـە باشـووری کوردسـتان مـاف و هەقـی خـۆی هەیـە لـە بەرامبـەر سـەروەریی یاسـا و ئازادیـدا.

*** ئایـا بوونـی پەکەکـە لـە قەندیـل رەوایـە و شـوێنی کارو چالاکیـی ئەوانـە، یـان مەبەسـتی دژایەتی و کاولکاری و وێرانبوونی ئەو دەڤەرانەی باشـووری کوردسـتانە؟**

- بەڵـێ، گۆڕەپانـی خەباتـی راسـتەقینەی پەکەکـە بـە هیـچ شـێوەیەك قەندیـل نییـە، لـە سـەرەتای دروسـتبوونی پەکەکـە لـە سـاڵی ١٩٨٢، لـە باکـوور خەباتـی دەکـرد، بـەڵام بـە هـۆی سیاسـەتە هەڵەکانی نەیتوانی لە باکوور بمێنێتـەوە و هاتـە باشـوور، کـە هاتـە باشـووریش گرنـگ بـوو کـە هەوڵبـدات زیـان بـەم هەرێمـە و هاووڵاتیانـی ئـەو گونـد و شـوێنانە نەگەیەنێـت کـە لێیەتـی، بـەڵام ئەمـەی نەکـرد، بۆیـە ئێسـتا لـە سـایەی بوونـی پەکەکـە ئـەو ناوچانـە بوونەتـە گۆڕەپانـی شـەڕ و بۆردومانـی فڕوکـە و چەکـی جۆراوجـۆر و سـەرتاپای دەڤـەرەکە وێران بـووە و هەمـوو گوندەکان چـۆڵ بـوون و ژیانـی تێـدا نەمـاوە، سـەرەڕای کوشـتن و برینداربوونـی چەندیـن خەڵکـی سـڤیلی ئـەو دەڤـەرە و هۆکارێکیشـە بـۆ هاتنـی لەشـکری تورکیـا بـۆ ئـەو سـنوورانەی باشـووری کوردسـتان. پەکەکـە هەمـوو کات دەسـتپێشـخەری لـە شـەڕ دەکات، بەپێچەوانـەوە ئەگـەر بڵێت وەرە لـەم شـوێن و جێگایـە بـۆ خـۆت دابنیشـە دوور لەشـەڕ، ئـەوە گـوێ لەکـەس ناگرێـت و تەنیـا بـە قسـەی خـۆی دەکات و دانوسـتاندن و گفتوگـۆ لـەلای پەکەکـە بەهیـچ جۆرێـك نییـە. باشـووری کوردسـتان بـە شـۆڕش و ماندووبـوون و زەحمەتـی زۆر هاتۆتـەدی، ئاشـکرایە مـەلا مسـتەفا بارزانـی بـۆ رزگاریـی هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان شـۆڕشی کـردووە و پارتـی دیموکراتـی لـە هەمـوو پارچەکانـی کوردسـتان بەبـێ جیـاوازی دامەزرانـدووە و لـە شـۆڕشـەکانی هەمـوو پارچەکانـدا بەشـدار بـووە، هەروەکـو چـۆن لـە سـاڵی ١٩٤٦ کـە دەرفەتـی دامەزراندنـی کۆمـاری کوردسـتان لـە رۆژهـەڵات دروسـت بـوو، مـەلا مسـتەفا بارزانـی و پێشـمەرگەکانی چـوون بەرگرییـان لـەو کۆمـارە کـرد، ئـەم هەڵوێسـتەی مـەلا مسـتەفا بارزانـی وانەیەکـی بەسـوودە بـۆ هەموومـان و پێویسـتە دەسـەڵاتی ئێسـتای باشـووری کوردسـتان بـە هەموومانـەوە بیپارێزیـن. راشـکاوانەتر دەبێـت بـە هێـز و توانـای هـەر چـوار پارچەکـە دەسـەڵات و ئازادیـی هەرێمـی کوردسـتان بپارێزیـن، بەڕێـز مسـعود بارزانـی بـۆ هەمـوو دنیـای سـەلماندووە کـە کارو پەیوەنـدی و دیپلۆماسـییەتیان تەنیـا بـۆ بەرژەوەندیـی گەلـی کـورد و کوردسـتانە.

*** بـاس لـەوە دەکرێـت، ئێسـتا خەریکـە پەیـەدە خۆی لـە پەکەکـە جیادەکاتـەوە، ئایا سـەرکردایەتیی پەیـەدە دەتوانـن ئـەم بڕیـارە بـدەن؟**

- پەیـەدە هەرچەنـدە سـەرکردایەتیی خـۆی هەیـە، بـەڵام سـەر بـە پەکەکـە و دروسـتکراوی پەکەکەیـە لـە بنەڕەتـدا و ئێسـتاش لـە رۆژئـاوی کوردسـتانن و ئـاڵای پەکەکـە لـە سـەر بارەگاکانـی پەیـەدە هەیـە و هـەر ئاڕمـی پەکەکـە لەسـەر یەخـەی چەکدارانیـان هەیـە، ئەمانـەش هـەر هەمـووی بەڵگـەی ئـەوەن کـە پەیـەدە هـەر پەکەکەیـە، بـەڵام ئیسـتا ئەمریـکا لـە هەوڵی ئەوەدایە کە پەیەدە لە پەکەکە دووربخاتـەوە، بـەڵام نازانـم ئـەوە دروسـت دەبێـت، یـان ناکرێـت.

*** ئایـا چـی بکرێـت بـۆ ئـەوەی خەڵـك و میللەتـی کـورد لـە باکـووری کوردسـتان بتوانـن ژیانێکی باشتر بگوزەرێنن، چونکە چەندین ساڵە بـە شـەڕ هیـچ نەهاتووتـەدی؟**

- لـە باکـووری کوردسـتان خەڵـك لـە شـەڕ بێـزار بـووە و دەخـوازن ئاشـتییەکی بـاش و سەرتاسـەری بێتـەدی لەنێـوان کـورد و حکومەتـی تورکیـادا، ئەمـەش مانـای ئەوەیـە کـورد دەیەوێـت دوور بێـت لـە شـەڕ و بـە هێمنـی و ئاشـتی بژیـن، بـەڵام حکومەتـی تورکیـا بـە هەنـگاوی بـاش نایەتـە پێش و هەندێك جار چەنـد هەنگاوێك هەڵدەگرێت کـە تورکیـا بـەرەو باشـی بچێـت و شـەڕ نەمێنێـت، بـەڵام دوای چەنـد رۆژێـك چەنـد هەنگاوێکـی تـر هەڵدەگرێـت و دووبـارە کێشـە و ئاڵـۆزی لـە باکـوور دروسـت دەکاتـەوە، بۆیـە گرنگـە حکومەتـی تورکیـاش هەنـگاوی بـاش بێتـە پێشـەوە بـۆ ئـەوەی ئاشتیەکی وا بێتەئاراوە کە خەڵك پێـی رازی بێت.

**هەندێ حزب وەکو ئاڵای ئازادی و کۆک و چەندین حزبی دیکە لە کوردستانی باکوور هەبوون، بەڵام پەکەکە هیچیانی قبووڵ نەبووە و هەر کەس و لایەنێک دژیان بووە، کوشتوویانە و شەڕیان لەگەڵ کردووە**

**لەمێژە گوتوومانە و رەخنەمان لە پەکەکە گرتووە، بەتایبەتی کە پەکەکە لە راگەیاندنەکانیدا زمانێکی زۆر خراپ دەرهەق بە پارتی بەکار دەهێنێت، ئەم کارو رەفتارەشی زۆر ناڕەواو نەشیاو و ناهەقی و ناڕاستە**

# سۆشیال میدیا و هەڵبژاردن

فراوانبوونی بەشدارییەکانی سۆشیال میدیا و ئامێرە نوێیەکانی میدیای نوێ وای کردووە، کە هەر باس و توێژینەوەیەك لە گۆشەیەکی دیکەی چوونە ناو بەهێزیی دەسەڵاتی ئەم ئامێرانە لە بوارەکانی ژیان بنوارێت و باسی لێوە بکات، هەروەك (ئیاندریە بیسواس) لە توێژینەوەیەکیدا لەسەر رۆڵی سۆشیال میدیا لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر رەفتاری دەنگدەر باسی ئەوە دەکات، کە سۆشیال میدیا بە چەند شێوەیەك کاریگەری دەکاتە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن، وەك یەکەم: سۆشیال میدیا وادەکات هەموو خەڵك لەسەر بەشداری و تاوتوێی شتێك، یان زانیارییەك کۆببنەوە، کۆبوونەوەی ژمارەیەکیش خەڵك لەیەك شوێندا باشترین میکانیزمە بۆ بانگەشە و ریکلامکردن لەو شوێنەدا. دووەم: زۆرینەی پسپۆڕان لەسەر ئەوە کۆکن کە سۆشیال میدیا وای لە خەڵك کردووە کە جیاوازتر لە جاران بیربکاتەوە و رەفتار بکات، کەواتە دەتواندرێت کاتی هەڵبژاردن کاریگەری لەسەر خەڵك بکرێت، کە چۆن بیربکاتەوە و رەفتار بکات. سێیەم: سۆشیال میدیا کاریگەریی لەسەر خەڵك هەیە، لەوەی کە چۆن بریار دەدات، هەڵبژاردنیش پێویستی بە بریاردانە، کەواتە سۆشیال میدیا دەتوانێت ئایدیای تاك بگۆڕێت و بڕیاریشی پێ بگۆڕێت، واتە بڕیار بدات.

باسی رۆڵی سۆشیال میدیا و هەڵبژاردن هێندە فراوان بوو، تا گەیشتە ئەوەی زاراوەی social vote و social electionی بۆ بەکاربێت، بەتایبەت دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ لە ئەمریکا کە بۆ دووەم جار ئۆباما توانی هەڵبژاردنەکان بباتەوە، ئەویش یەکێك لە هۆکارە بەهێزەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوو، بە رێژەیەك کە زۆر بەرزتر لە رکابەرەکانی بوو، بۆ نموونە بە تەنیا بینەری ڤیدیۆکانی یوتیوبی لە ٢٦ ملیۆن بینەر نزیك بۆوە. ئێستا وای لێهاتووە لە هەموو هەڵبژاردنی وڵاتان و ریفراندۆمەکان باسی کاریگەریی سۆشیال میدیا و رۆڵی یەکلاکەرەوەی دەکرێت. نموونەی ریفراندۆمەکەی سکۆتلەندا لە ساڵی ٢٠١٤ کە بە تەنیا لە تویتەر ٣.٥ ملیۆن کەس لە رێگەیەوە تویتیان کردووە و گەیشتووە بە کاندیدەکان و زانیارییان بەدەستهێناوە. فراوانیی ئەم بوارە لە بەشداریی سۆشیال میدیا لە هەڵبژاردن و کاریگەرییەکەی، وای کردووە کە پارت و لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەکان و کاندیدەکانیش نەك تەنیا بە ئەکاونت و پەیجی فەرمی، بەڵکو بە کردنەوەی چەندین پەیجی سێبەر و سوودوەرگرتن لە پەیجە



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بەناوبانگەکان، لە پێناو بردنەوەی هەڵبژاردنەکان پەنای بۆ ببەن، بەتایبەتی کە زیاتر لە توێژینەوەکان باسی کاریگەریی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە دەکەن، لەسەر گەنج و رەفتاری بۆ دەنگدان و هەڵبژاردنی کاندیدەکان، چونکە وەك دەزانین بەکارهێنەری تۆڕی کۆمەڵایەتی زۆرتر تەمەنە گەنجەکانن لە تێکرای وڵاتاندا، بە جۆرێك کە چاویان کردووەتەوە و زۆرتر بە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئاشنان، تا بە میدیا کۆنەکانی وەك رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامە.

‹ئیلندریە بیسواس› باسی هێزەکانی سۆشیال میدیا دەکات، کە بە هۆی کۆمەڵێك تایبەتمەندییەوە چۆن ئەو پرۆسەیە کاریگەری لەسەر رەفتار و بیرکردنەوەی دەنگدەر دادەنێت، لەوانە:

١. سۆشیال میدیا بۆ دۆزینەوەی زانیاری و شیکردنی و بریاردان یارمەتیی بەکارهێنەرەکانی دەدات.

٢. سۆشیال میدیا بۆ کەناڵە میدیاییەکانی دیکەش بووەتە سەرچاوەی زانیاری.

٣. وشەکان لە زار دەردەچن، دەبنە وشەی بەرجەستە و بڵاو دەبنەوە.

٤. لەناو سۆشیال میدیا هەموو تاکێك خۆی رۆژنامەنووسە.

لەهەمان کاتدا لایەنە نەرێنی و ئەرێنییەکانی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا باس دەکات، وەك:

١. زانیارییەکانی بە هەموو دەنگدەرێك دەگات.

٢. دیالۆگیکی رووبەڕووی تاك بۆ تاك، لە نێوان کاندید و دەنگدەر دروست دەبێت.

٣. هەموو کەس دەتوانێت زانیارییەکانی پێ بگات و بەکاریان بهێنێت.

٤. پلاتفۆرمێکی بەهێزە بۆ پیدانی زانیاری و پەروەردەکردنی تاك، لەسەر ئەوەی کە چۆن دەنگ بدات و کێ هەڵبژێرێت.

٥. سەرچاوەیەکی بەهێزی ئەرێنییە بۆ دانانی کاریگەری لەسەر پارتە سیاسییەکان.

لایەی نەرێنی:

١. ناتواندرێت بە تەواوەتی کۆنترۆڵ بکرێت.

٢. ئاسان هاك دەکرێت و زۆرجار زیان بە ئەکاونت و پێگەی کاندیدەکان دەگەیەنێت و لەسەر شێواندنی کەسایەتی و زانیارییەکانیان کاریگەری دادەنێت.

٣. زۆر جار وەڵامدانەوە و جەدەل و توندوتیژی دروست دەکات.

٤. زانیاری و دەستەواژە و چیرۆکی نەرێنی کاریگەری دەکاتە سەر کاندیدەکان.

٥. نوێنەرایەتییەکی خراپ و چەواشەکردنی راستییەکانی تێدا دەکرێت.




**حەسەن عەلی**

**سەرۆکی ڕێکخراوی هاوکاریی مرۆیی کوردستان:**

# لە ماوەیەکی کەمدا دەیان کار و چالاکیی خێرخوازیمان ئەنجامدا و لەداهاتووشدا زیاتر هاوکاریی خەڵکی هەژارو لێقەوماوان دەکەین

**کاری خێرخوازی لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی رووی لە زیادبوون کردووە، یەکێکیش لەو رێکخراوانەی لەم چەند ساڵەدا دامەزراوەو لە ماوەیەکی کورتی تەمەنیدا سەدان کاروچالاکی و پرۆژەی خێرخوازی پێشکەش بە خەڵکی لێقەوماو هەژارو کەمئەندام و نەخۆش کردووە، رێکخراوی هاوکاریی مرۆیی کوردستانە کە لە سێکتەرەکانی (خۆراك و ناخۆراکی و یارمەتیدانی نەخۆش و بەسەرکردنەوەی هێزی پێشمەرگە لە میحوەرەکان رۆڵی کاریگەری بینیوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەرك و چالاکییەکانی تایبەت بە رێکخراوەکە و کاری خێرخوازی لە هەرێمی کوردستان ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ حەسەن عەلی محەمەد ئەمین سەرۆکی رێکخراوی هاوکاریی مرۆیی لە کوردستان ئەنجام دا.**

*** کاری خێرخوازی لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا مێژوویەکی دووروودرێژی هەیە و هەر لە شۆڕشی ئەیلوولەوە ئەم کارە لەناو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زیاتر دەرکەوت، سەرەتا دەمانەوێت بزانین پاڵنەرتان چی بوو بەوەی رووبکەنە کاری خێرخوازی؟**

- کاری خێرخوازی هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەی کوردستان و ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، هەربۆیە ئەم کارە خۆبەخش و مرۆییە مێژوویەکی دێرینی هەیە، لەهەموو شۆڕش و راپەرین و مێژوویەکی خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان شانبەشانی برا پێشمەرگەکانمان، کەسانێك، یان رێکخراوێکی مەدەنی هەبووە بەم کارە خۆبەخشییە مرۆییە هەڵساوە، ئێمەش لە بنەماڵەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرین و خوا ئەو ئیمکانات و توانایەی پێ بەخشیوین کە بەبێ هاوکاریی هیچ لایەنێك و کەسانێك بتوانین بە فریای لێقەوماو و هەژار و کەمدەرامەتەوە بچین، من پێم وایە فەرهەنگی ناو خێزان و کۆمەڵگە و گرنگیدان بە کاری مرۆیی و خۆبەخشی لەناو کورد زۆر زیاترە ئەگەر بەراورد بکرێت بە میللەتانی ناوچەکە و جیهان، لە شارەکانی دهۆك و هەولێر و سلێمانی و کەرکووك و قەزاو ناحیەکان سەدان پیاو و کەسایەتیی ناسراوی کورد دەرکەوتوون، کە ئەم کارەیان ئەنجام داوە، ئەمەش کۆمەڵگەکەمان بەهێزتر و پتەوتر دەکات، ئەم کارە مەبەستی قازانج نییە، بەڵکو بە مەستی مرۆیی و لێکنزیکبوونەوەی نێوان چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگەیەو بەمەبەستی دروستکردنی خۆشی و بەختەوەری و نزیکبوونەوەی کەسەکانە لە یەکتر، هەربۆیە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) زۆر گرنگی دراوە بە کاری خێرخوازی و تەنانەت لەناو هەموو ئایینەکانی دیکەشدا ئەم لایەنە مرۆییە پشتگوێ نەخراوە.

*** ئایا بیرۆکەی ناوی رێکخراوەکەتان کە رێکخراوی هاوکاریی مرۆیی کوردستانە لە چییەوە هاتووە و ئەو بوارانەی کە ئێوە کاری خێرخوازی تێدا ئەنجام دەدەن، چین؟**

- پێش دامەزرانی رێکخراوەکەمان من وەکو خۆم زۆر هاوکاری خەڵکیم کردووە، بەڵام ئەم هاوکاری و یارمەتییە پێویست بوو بە موئەسەساتی بکەم، یان لەچوارچێوەی رێکخراوێکی مەدەنی رێکی بخەمەوە، چونکە زۆر جار وەکو پێویست هاوکاری و یارمەتییەکانم نەدەگەیشتە شوێنی مەبەست، بۆیە سەرەتا بیرۆکەی رێکخراوێکی خێرخوازیم لەگەڵ هەردوو بەڕێز خاتوو دڵڤین سەعدوڵا و پارێزەر عەواد لا دروست بوو بەڵام وشەی خێرخوازی هەندێکجار بۆ ئەو کەسەی دەستی هاوکاری و یارمەتی پێشکەش دەکەیت، کەمێك قورسە چونکە مەرج نییە ئەو کەسەی پێویستی بە هاوکاری و یارمەتی بێت، لە ئاستێکی ئەوەندە خراپدا بێت، بەڵام پێویستی بەو یارمەتی و هاوکارییە هەیە، بۆیە ناوی رێکخراوەکەمان گۆڕی بۆ (رێکخراوی هاوکاریی مرۆیی کوردستان)و لە ناوەڕاستی ساڵی رابردوو بڕیاری رێگەپێدانی رێکخراوەکەمان وەرگرت، لەو کاتەوە تا ئێستا سەدان کاروچالاکیی مرۆییمان ئەنجام داوە. سەبارەت بەو بوارانەشی کە رێکخراوەکەمان کارو چالاکی تێدا ئەنجام دەدات، بریتییە لە دابینکردنی خۆراك، ئەمەش دوای ئەوە هات کە

**پێش دامەزرانی رێکخراوەکەمان من وەکو خۆم زۆر هاوکاری خەڵکیم کردووە، بەڵام ئەم هاوکاری و یارمەتیە پێویست بوو بە موئەسەساتی بکەم، یان لەچوارچێوەی رێکخراوێکی مەدەنی رێکی بخەمەوە**

**بۆ کاری خێرخوازی لە بواری تەندروستی مانگانە بڕە پارەیەکمان دابین کردووە، خاتوو دڵڤین لێپرسراوی دارایی رێکخراوەکەمانە و وەکو ئەندامێکی خۆبەخشی چالاک توانیویێتی لەمبارەیەوە کاری گەورەو باش ئەنجام بدات**





**ئێمە توانای داراییمان سنووردارە و ناتوانین هاوکاریی ئەو ژمارە زۆرەی نەخۆش بکەین، بۆیە مەرجی سەرەکیی ئێمە ئەوەیە کە نەخۆشەکە بەڕاستی کەمدەرامەت بێت**

لە ٢٠١٤ کوردستان رووبەڕووی شەڕی داعش و قەیرانی دارایی بووەوە و خەڵکی باری بژێوی ژیانیان باش نەبوو، ئەمە وێڕای بوونی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە، هەر بۆیە پێشمەرگە و خێزانی شەهید و قوربانییەکانی شەڕی تیرۆر پێویستیان بە هاوکاری بوو، لەناو جەرگەی ئەم قەیرانە و باری بژێوی ئەو ژیانە قورسەی هاووڵاتیاندا جەختمان لەسەر هاوکارییەکانی خۆراك کردەوە، لەگەڵ ئەمەشدا لەبواری کڕینی جلوبەرگ و پێداویستیی قوتابیانیش کارمان کردووە، بۆ نموونە رۆژێك پێش جەژن هەواڵمان پێ گەیشت کە خانەوادەیەك هەیە بارودۆخی بژێویی ژیانیان باش نییە، راستەخۆ خاتوو دڵڤینمان نارد و جلوبەرگ و خۆراکی بۆ دابین کردن.

*** ئێوە وەکو رێکخراوی هاوکاریی مرۆیی تا چەند گرنگیتان بە لایەنی کەرتی تەندروستی و دابینکردنی دەرمان داوە؟**

- زۆر کەسی کەمدەرامەت و هەژار هەن، نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە و پێویستیان بە هاوکاری هەیە، بەتایبەتی بۆ نەخۆشییەکانی شەکرەو پەستانی خوێن و شێرپەنچە و پەککەوتە، دەرمانی باش و کوالێتی بەرزیش لە کوردستان نرخەکەی گرانە، هەر بۆیە چەندین جار وەکو کاری خێرخوازی ئەم دەرمانانەمان بۆ نەخۆشەکان دابین کردووە، هاوکات توانیومانە ئەوانەی پێویستیان بە تیشکی رەنین هەیە و لە نەخۆشخانە گشتییەکان چەند مانگێك سرەی پێویستە، ئێمە ئەو سرەیەمان بۆ هێناونەتە پێشەوە، بۆ کاری خێرخوازی لە بواری تەندروستی مانگانە بڕە پارەیەکمان دابین کردووە، خاتوو دلڤینیش لێپرساوی دارایی رێکخراوەکەمانە وەکو ئەندامێکی خۆبەخشی چالاك توانیویەتی لەمبارەیەوە کاری گەورەو باش ئەنجام بدات و لە نەخۆشخانەکانی کوردستان هەماهەنگی باشی دروست کردووە، خەرجییەکانی نەخۆش لە شەقامی پزیشکان زۆر بەرزن، بۆ نموونە ئەشعەیەکی رەنین نرخەکەی لە نێوان ١٦٠ بۆ ٢٠٠ هەزار دینارە، ئێمە توانیومانە بۆ نەخۆشەکانمان ئەو تیشکە لە نەخۆشخانە گشتییەکان سرەکەیان بۆ پێشبخەین و رەچاوی باری تەندروستی و توانای دارایی بۆ بکەین، لەلایەکی ترەوە ئێستا سەرقاڵی ناردنە دەرەوەی نەخۆشی شێرپەنچەین بۆ تورکیا، ئەمەش بە هاوکاری نەخۆشخانەیەکی تورکیا کە خەرجییەکانیان بەو رادەیە بەرز نییە و لە دوای گەڕانەوەی نەخۆشەکەش دەتوانێت موراجەعەی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بکات بۆ وەرگرتنی چارەسەر. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە ئێمە توانای داراییمان سنووردارە و ناتوانین هاوکاریی ئەو ژمارە زۆرەی نەخۆش بکەین، بۆیە مەرجی سەرەکیی ئێمە ئەوەیە کە نەخۆشەکە بەڕاستی کەمدەرامەت بێت.

**بەردەوام ئاماژە بەوە دەدەم کەوا (مرۆڤ زۆرن، بەڵام مرۆڤایەتی کەمە) لەکوردستان بازرگان و بیزنسکار و خاوەن دەرامەتێکی زۆر هەن، بەڵام نەیانتوانیوە کاری خێرخوازی و هاوکارییەکانیان لە ئاست پێویست بێت**

*** باسی قۆناغێکی گرنگی گەلەکەمانتان کرد کە شەڕی داعش و قەیرانی دارایی، ئایا لەو قۆناغەدا لە هەردوو بواری گەیاندنی هاوکاریی خۆراك بۆ بەرەکانی شەڕ و کەمپەکان رێکخراوی هاوکاریی مرۆیی چی کردووە؟**

- ئەگەرچی کارکردن لەناو کەمپەکان ئاسان نییە و زۆرجار بە ئازادی ناتوانین کار بکەین و کۆمەڵێك مەرج و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، بەڵام ئێمە لە ٢٠١٨/٨/١٦ یەکەمین چالاکیمان دابەشکردنی ئازووقە بوو بە سەر ئاوارەکانی دارەتوودا، دوای ئەم چالاکییە جلوبەرگمان بە





سەر هەندێك منداڵی شەهید و پێشمەرگەدا دابەش کرد .

*** هەموو ڕێکخراوێکی خێرخوازی کۆمەڵێك سەرچاوەی هەیە کە پشتی پێ دەبەستێت، ئایا ڕێکخراوەکەی ئێوە لە ڕووی دارایی و هاوکارییەوە پشتی بە چی بەستووە؟**

- من بەردەوام ئاماژە بەوە دەدەم کەوا (مرۆڤ زۆرن، بەڵام مرۆڤایەتی کەمە) لەکوردستان بازرگان و بیزنسکار و خاوەن دەرامەتێکی زۆر هەن، بەڵام نەیانتوانیوە کاری خێرخوازی و هاوکارییەکانیان لە ئاست پێویست بێت، من خاوەن بیزنس و کاری بازرگانیم هەر پارەیەك پەیدا بکەین و دەستمان بکەوێت، بڕە پارەیەکی بۆ کاری خێرخوازی تەرخان دەکەین و ئەم چالاکییانەی پێ ئەنجام دەدەین. سەرچاوەی دارایی کارە خێرخوازییەکانم تەنیا کۆمپانیاکەمە و لە سەرەتاوە تا ئێستا هیچ کەس و ڕێکخراو و لایەنێك هاوکاری نەکردووم، تەنانەت پەیوەندیم بە هیچ ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیشەوە نییە، تەنیا کارئاسانی و پاڵپشتیی مەعنەوی حکومەت و دامودەزگاکانی حکومەتم پێویستە، ئێمە ڕێکخراوێکی قازانج نەویستین و چاومان لە هاوکاریی دارایی نییە، لە کوردستان چەند ڕێکخراوێکی چالاك هەن و ڕۆڵیان لە کاری خێرخوازی و مرۆیی دیارە، لەوانە ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی و ڕێکخراوی ڕوانگە و چەند ڕێکخراوێکی دیکە، ئەوانەی بە هاوشێوەی ئەم ڕێکخراوانەن، ژمارەیان زۆر کەمە کە توانیویانە لەکارەکانیاندا بێ گوێدانە هیچ ئایدیۆلۆژیا و مەبەست و مەرامێکی شەخسی و حزبی و تایبەتی بۆ بەرژەوەندیی گشتی و مرۆیی کاری خێرخوازی بکەن.

*** پرۆژەو کاری ئایندەی ڕێکخراوی هاوکاریی مرۆیی چییە؟**

- ئامانجی ئێمە کاری خێرخوازی و دڵخۆشکردنی خەڵکی کەمدەرامەت و هەژارو فریاکەوتنی لێقەوماوانە، لە داهاتووشدا پشت بەخوای گەورەو میهرەبان کارەکانی دابینکردنی خۆراك و چالاکییەکانی بواری تەندروستی فراوانتر دەکەین و بەرەو شارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان دەچین و درێخی ناکەین لە هاوکاریی هاونیشتمانیان و لێقەوماوان و کەسانی نەخۆش، بۆ ئەمەش لەبەرنامەماندایە ئۆفیسەکانمان لە شاروشارۆچکەکانی دیکەی کوردستان بکەینەوە، چونکە لە ئێستادا تەنیا ئۆفیسمان لە شاری هەولێرە، هەر لە بواری دابینکردنی خۆراك زۆر پرۆژەمان هەیە و داوامان کردووە لە حکومەت پارچە زەوییەکمان بۆ تەرخان بکات بۆ دروستکردنی خواردنگەیەك، بە هاوشێوەی ئەو خواردنگەیەی تورکیا کە سێ ژەمە بە بێ بەرامبەر خواردن و خۆراك بۆ خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت دابین دەکات، ئێمە دەمانەوێت ئەو خواردنگەیە شوێنێکی نیشتەجێبوونیشی بۆ ئەوانەی تێدا دروست بکەین کە شوێنی حەوانەوەیان نییە، هەروەها بەرنامە و پرۆژەمان هەیە بۆ هاوکاریکردنی منداڵانی بێ دایك و باوك و سەرپەرشتیکردنیان. بەشێوەیەکی گشتی تەمەنی ڕێکخراوی هاوکاری مرۆیی کوردستان کەمە، بەڵام کاری زۆر و چالاکیی باشمان لەو ماوە کورتەدا ئەنجام داوە و بە بەرنامە کاری خێرخوازیمان کردووە و هەنگاومان ناوە بۆ هاریکاریکردنی خەڵکی لێقەوماو و هەژار و کەمدەرامەت.

**سەرچاوەی دارایی کارە خێرخوازییەکانم تەنیا کۆمپانیاکەمە و لە سەرەتاوە تا ئێستا هیچ کەس و ڕێکخراو و لایەنێک هاوکاری نەکردووم، تەنانەت پەیوەندیم بە هیچ ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیشەوە نییە**

**داوامان کردووە لەحکومەت پارچە زەوییەکمان بۆ تەرخان بکات بۆ دروستکردنی خواردنگەیەک، بە هاوشێوەی ئەو خواردنگەیەی تورکیا کە سێ ژەمە بە بێ بەرامبەر خواردن و خۆراک بۆ خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت دابین دەکات**